**کورد حەقیێتی بترسیێت لە خۆپڕ چەک کردنی سوپا، ئەگەر کورد بەشدار نەبیێت لە بڕیارە ئەمنی و سیاسییەکان ئەو کاتە مەترسی دەبیێت بەڵام بە تەئکید عیراق لە هەوڵدایە هیێزەکانی خۆی پتەوتر بکات**

هۆشیار زیێباری وەزیری دەرەوەی عیێراق بۆ گوڵان:

# لە عیێراقی نویێدا سیستمی دەستووری و پەرلەمانی سنووربەندییان داناوە تا جاریێکی دیکە دیکتاتۆریەت سەرهەڵنەداتەوە



**گوڵان:** پێش هەر شـــتێك پێمان باشــە ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە، باری ئێستای عێــراق چۆن دەبینیت، بــە تایبەتی کە ئێستا پرۆسەی سیاسی عیراق کەوتۆتە ناو قەیرانێکـــی مەترســـیدارو پێکهاتە ســەرەکییەکانی وڵات گرفتیان لەگەڵ حکومەتی ئێســـتای بەغدا بۆ دروســت بووە، گرنگە ڕاو بۆچوونی بەڕێزتان وەك وەزیری دەرەوەی ئـــەم وڵاتە لەم بارەیەوە بزانین؟

**هوشـــیار زێباری:** بە شێوەیەکی گشتی پاش دامەزراندنی عیراقی نوێ و دانانی دەســـتوور لە چوارچێـــوەی ڕژێمێکی سیاسی تازەدا لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا ئێستا، دۆخی عیراق بەرەو پێشەوە دەچێت،، چ لە وەزعی عیراق و چ لە دۆخی گشتی هەرێم، بە ڕاستی دۆخەکە بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، بێگومان سەرکردایەتی کورد ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لە دامەزراندنی لایەنە باشەکانی ئەم دۆخەدا، لە لایەکی ترەوە زۆر کێشــە کۆتاییان پێ نەهاتووە، لەوانەش کێشــەی دەســـتوور، بە واتای دەستوور وەك کتێبێك هێشتا دانەدراوەتەوەو دانەخراوە، تا ئێســـتا وەك کێشـــەیەك بە کراوەیی ماوەتەوە، قەیرانێکی سیاســـی لەم دواییەدا لە عیراقدا دروســـت بووە چ لە نێوان فراکســـیۆنە سیاســـییەکاندا چ لە نێـــوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا، توندوتیژییەك هەیە، کە لە ڕاگەیاندنەکان و لە قسەکردنەکاندایەو هەندێ کێشــەش هەن هێشـــتا چارەسەر نەکـــراون، لەبەر ئەوە بە دید و تێڕوانینی ئێمە، پێویســـتە هەموو ســـەرکردایەتیە سیاســـییەکان هەوڵی جیددی تر بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، بە مەزەندەی ئێمە لـــەم قەیرانەدا هەموو جەمســـەرو لایەنێـــك زیانی پێدەکەوێت، ئەم شـــتانە بە گفتوگۆو دانیشـــتن لەگـــەڵ یەکتر چارەســـەر دەکرێن و هەروەهـــا بە پابەند بوون، واتە پابەند بوون بەو ڕێکەوتنانەی هەیەو ئەوانەشـــی کە دەکرێن، لەبەر ئەوە دۆخەکە بەو شێوەیەی هەیە بووەتە قەیران، ڕاستە قەیرانەکە هەیە، بەڵام هەوڵدان بۆ چارەســـەرکردنیش هەیە، ئەمە شتێکی باشە بۆ عیراقی تازە کە کاتێك گرفتێك



**هۆشـــیار زێباری وەزیـــری دەرەوەی عێـــراق یەکێکە لـــەو وەزیرە ســـەرکەوتووانەی جێگەی دەســـتی لـــە گێڕانەوەی عێـــراق بۆ نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لابردنی سزاکانی سەرعێراق دیارە، زێباری کە لەدوای پرۆســـەی ئازادی عێراقەوە لە ســـاڵی ٢٠٠٤ەوە تائێستا پۆســـتی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی لایە، توانیوویەتی بە ئاستێکی زۆر بەرز ســـەرۆکایەتی دبلۆماتیەتی عێراق بـــکات و ویرای ئەوەی بارودۆخی ناوخۆی عێراق بەردەوام تەنگژە و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری تێدابووە، بـــەڵام وەزارەتی دەرەوە توانیوویەتی لەســـەر ئاستـــی**

یـــان ناکۆکییەك دەکەوێتـــەوە، لایەنەکان دەســـت نابەن بۆ چـــەك و توندوتیژی و هـــەوڵ دەدەن بە گفتوگۆ چارەســـەری ناکۆکییەکـــە یان گرفتەکـــە بکەن هەر وەك و ئەو ماوەیەی کەهەشـــت مانگ تا نۆ مانگیش دامەزراندنی حکومەتی عیراق دواکەوت و هەموو لایەك دەستیان لە عیراق شوشـــت کە چیتـــر ناتوانێت هیچ بکات، لە دەرئەنجامدا ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد ڕۆڵی ســـەرەکی هەبووە بۆ دامەزراندنی

**دەستور بوار بە هیچ لایەك نادات جارێکی تر تاکڕەوی لە عیراقدا بکات. ڕێگەش نادات هیچ پێکهاتەیەك بە تەنیا حوکمی عیراق بکات**

حکومەتـــی یەکێتـــی نیشـــتمانی، ئەم وەزعەی ئێســـتاش بـــە تێڕوانینی من قابیلی چارەسەرکردنە..

**گـــوڵان:** لـــە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعســـەوە، بەڕێزتان وەزیـــری دەرەوەی عیراقـــن، لە ماوەی دەســـتبەکاربوونتان وەك وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە توانیوتانە عیراق بۆ ناو کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بگەڕێننەوە، باشە گەڕانەوەی وڵاتێکی پەراوێز خـــراوی نـــاو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی تـــا چەند ئەرکی ئێـــوە بووە، وێســـتگە قورســـەکانی ماوەی ئەو نۆ ساڵەی کارکردنی ئێوە چی بوون؟

**هوشیار زێباری:** زەحمەتترین و قورسترین کارێك بوو کە عیراق وەك دەوڵەت جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو دۆخی سروشتی خۆی، چ لـــە ناو کۆمەڵگەی نێـــو دەوڵەتی و چ لە ناو کۆمەڵگـــەی عەرەب و لەناو کۆمەڵگەی جیهانی ئیسلامی، چونکە

■ پەیامنێری گوڵان لەگەڵ هوشیار زێباری



**ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی زۆر دبلۆماتیانە نوێنەرایەتی عێراق پیشانبدات، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و پێگەی ئێستای عێراق لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا، گوڵان سەردانی بەڕێز هۆشیار زیباری لە وەزارەتی دەرەوە عێراق لە بەغدا کرد و کۆمەڵیک پرسیاری ڕووبەڕووی وەزیری دەرەوەی عێراق کردەوە و بەڕێزی بەسوپاسەوە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەڕێز هۆشیار زیبارییە لەگەڵ گوڵاندا.**

ئەم وڵاتە دوورخرابووەوە سزای بەسەردا سەپێنرابوو، وڵاتێکی سزادراو بوو، گەمارۆی بەسەردا سەپێنرابوو، ڕۆڵێکی نەبوو لە ڕێکخراوەکانی نێو هەرێمی و نێو دەوڵەتی و مەحکومیش بوو بە زیاتر لە ٧٠ بڕیاری تایبەت لە بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم وڵاتە بگەڕێتەوەو ڕزگار بکرێت لەم هەموو قەیرانە، بە حەقیقەت ئەرکێکی ئاسان نەبوو، گەورەترین ئەرك کەوتە ئەستۆی ئێمە لەو ڕۆژەوەی ئەم بەرپرسیارێتیەمان وەرگرت، کە نوێنەری هاوپەیمانی کوردستانی بووین، ئەوەمان خستە پێش چاومان کە چۆن عیراق لەم بڕگەو ئەحکامی بەندی حەوتەمە ڕزگار بکەین، لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی دنیادا، هەروەهاش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێش، ئەلحەمدولیللا وا ئێستا پاش نزیکەی نۆ ساڵ بەم کارەمان دەبینین کە عیراق گەڕایەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و سزاکان لەسەری هەڵگیران، ئەو بڕیارانەی کە ماون لە ژێر بەندی حەوتەمن، زۆر کەمن و پێوەندی بە عیراق و کوەیتەوە هەیە نەك پێوەندی عیراق و جیهان، بەوەیشەوە خەریکین، پێش چەند ڕۆژێك شاندێکی باڵای کوەیت لێرە بوون، نەخشە ڕێگەیەکمان داناوە کە چۆن چارەسەری ئەم کێشانەش بکەین، عیراق بە هێزێکەوە بۆ کۆمکاری عەرەبی گەڕایەوە و ئێستا سەرۆکی کۆمکاری عەرەبییە، ئەوەش پاش بەستنی لوتکەی عەرەبی لە بەغدا، هەربۆیە عیراق ڕزگاری بووە لە زۆربەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، کە پێشتر عیراقی پێوە پابەندبوو، وەزعی ئابووری وڵات و وەزعی بەرهەمهێنانی نەوتیی بەرەو پێشەوە دەچێ، گرفتەکانی تر زیاتر سیاسین و دەبێت بە سیاسیانە چارەسەربکرێن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی عیراق بەهێزتر بێت پاش چەند ڕۆژێکی تر عیراق دیسانەوە کۆبوونەوەی ٥+١ کە شەش وڵاتی گەورەی جیهانن و لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشدان، ئەمریکاو بەریتانیاو ڕوسیاو چین و یەکێتی ئەوروپا و ئەڵمانیا+ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمانە کۆبوونەوەیەك لە بەغدا دەبەستن و باس لە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەکرێت، ئەم بابەتە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە تەناهی و ئاسایشی نێو دەوڵەتییەوە هەیە، بەمەش زیاتر عیراق بەرەو پێش دەچێت، بۆیە هەتا وەزعی سیاسیی نێوخۆیی عیراق و گرفتەکانی پێوەندیدار بەهێزە سەرەکییە سیاسییەکانی ناو عیراق کەم ببنەوە وەزعی عیراق باشتر دەبێت، لە پێش هەموو جیهاندا ئەمە گرنگە، بۆیە ئەمەیە تەحەددای هەرە سەرەکی و دەبێت هەوڵ بدەین ئەو کێشانەی ناوخۆ چارەسەر بکرێن.

**مەحزەری هاریکاری و تێگەیشتنمان لەگەڵ کوەیت واژۆ کردووە. هەروەها ڕێکەوتننامەی ڕێکخستنی دەریاوانی مەدەنی لە خۆر عەبدوڵڵا ئەویشمان چەسپاند**

**گوڵان:** ئێوە وەك وەزیری دەرەوەی عێراقی هەمیشە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی هەوڵتان داوە عیراقی نوێ وەك ئەزموونێکی نوێی دیموکراتی پیشانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بدەن، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆیی، حکومەتی عیراق بەرجەستەی ئەو هەوڵانەی ئێوە نەبوون، هەر لە ناو حکومەتی عیراقدا جۆرێك لە قۆرخکاری بۆ دەسەڵات هەبووە، چۆن لەسەر ئاستی ناوخۆیی، عیراق هەڵدەسەنگێنیت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی دەرەوە ئەو وێنانە ڕەنگ بداتەوە؟

**هوشیار زێباری:** خۆ هەمیشە سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی خودی وەزعی ناوخۆی وڵاتەکە بووە، چەند وەزعی ناوخۆ بەهێز بوویێت بە هەمان هێزەوە سیاسەتی دەرەوەش بە هێز دەبێت، بەڵام



جاری وا هەیە پێشکەوتنێك لە سیاسەتی دەرەوە ڕەنگە کاریگەری بۆ سیاسەتی ناوخۆیی هەبێت، دەستووری عیراق بوار بە هیچ لایەك نادات جارێکی تر تاکڕەوی لە عیراقدا بکات، ڕێگەش نادات هیچ پێکهاتەیەك بە تەنیا حوکمی عیراق بکات، سیستمی دەستووری و پەرلەمانی و یاسایی مەحدودیەت و سنووربەندییان داناوە تا جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت لە عیراقدا سەرهەڵنەداتەوە، هەر بەو قەدەرو ئاستەی کاری بۆ دەکەین لە ناو خودی سیستمی عیراقی سیاسی و پەرلەمانی و دەستووری کە لە سیستمەکەدا کاری پێ دەکەین، هیچ جەمسەرو لایەك ناتوانێت تاکڕەوی بکات لە حوکم و دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا، بەس دەبێت بە پێی سیاقاتی دەستووری و پەرلەمانی کار بکرێت.

**گوڵان:** لە عیراقی نوێدا پۆستی وەزارەتی دەرەوە لای بەڕێزتانە وەك نوێنەری هاوپەیمانی کوردستانی، ئایا ئەم پۆستە کە لە عیراقی نوێدا درایە کورد بۆ عیراقی نوێ چ مانایەکی هەیە؟

**هوشیار زێباری:** مانای بنەڕەتی پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عیراقە، لە عیراقی تازەدا فەرق و جیاوازی نییە لە نێوان کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشووری و مافی هاووڵاتی بوون بە نیسبەت هەموو هاووڵاتیانی عیراقەوە یەکسان و وەك یەکە، لەبەر ئەوە من کە وەزیری دەرەوەم، نوێنەرایەتی حزبی خۆم ناکەم، بەڵکو نوێنەرایەتی فراکسیۆنی پەرلەمانی خۆیشم ناکەم، ڕاستە سیاسییەن ئەوانە منیان دەست نیشان کردووەو هەڵیانبژاردووم بۆ ئەو پۆستە، بەڵام من نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو عیراق دەکەم، ئەم بەرژەوەندییانەش هەموو لایەك دەگرێتەوە ئەگەر کوردستان بگرێتەوە بە هەمان ئاست عەرەب و تورکمان و ئاشووری و سوننەو شیعەش دەگرێتەوە،

**پێویستە هەموو سەرکردایەتیە سیاسییەکان هەوڵی جیددی تر بدەن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی**

**حکومەتی عیراق ڕەزامەندی دەربڕیوە دوو کونسوڵخانە بۆ کوەیت بکاتەوە. یەکێکیان لە هەولێرو ئەوی تریش لە بەسرە**



بەگشتی مەبدەئەکە لەسەر ئەوە دەچێت بەرێوە، ئەم پۆستە وەختی خۆی کە بە کورد دراوە، مانای ئەوە نییە هەمیشە هەر بەکورد دەدرێت، ئیتر ئەمە سوننەتی ژیانە رەنگە کەحکومەت بگۆڕدرێت کەسی تر دابنرێت، گۆڕانکاری بێتە پێشەوە، تەبیعەتی ژیان وایە بەڵام ئێمە لەم ماوەیەدا سەلماندومانە کە ئەم ئەرکە بە بێ فەرق و جیاوازی بەرێوە ببەین..

**گوڵان:** زۆر لە چاودێران باس لە نفووزی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەکەن لە نێو پرۆسەی سیاسی عیراقیدا بەرێزتان بەو سیفەتەی وەزیری دەرەوەن پێوەندییەکانی عیراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**هوشیار زێباری:** بە شێوەی گشتی هەمووان دەزانن عیراق جارێکی تر نایێتە هەڕەشە بۆ دراوسێکانی، یان شەڕیان لەگەڵ هەڵگیرسێنێت و کێشەیان بۆ دروست بکات یان هەوڵ بدات دەست وەربداتە کارەکانی ناوخۆیان، ئەم عیراقە بە پێی دەستووری تازە، لەگەڵ دۆستایەتی و برایەتییە، لەگەڵ پێوەندی باش و بەرژەوەندی هاوبەشە لەگەڵ هەموو وڵاتاندا ئێستا باشترین پێوەندی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ تورکیا هەیە، پێوەندی باشی لەگەڵ ئێران هەیە، لەگەڵ کوەیت خەریکی باشکردنی پێوەندیین، لەگەڵ ئوردن پێوەندییەکان باشن، تەنانەت لەگەڵ سووریا پێوەندی باش بوو وێڕای گرفتەکان، لەگەڵ سعوودیە باشە، وەك عیراق گرفتمان لەگەڵ کەس نییە ئەگەر خەڵکانێك گرفتیان هەبێت ئەوە بابەتێکی ترە، دەستێوەردان هەیە لە کاروباری ناوخۆی عیراق لەو وڵاتانەی هەرێمەوە پێشتریش هەر هەبووە، هەر کاتێك هەڵوێستی سیاسی یەك بوو بێت بە یەك دەنگ و یەك هەڵوێستەوە قسەمان لەگەڵ ئەو وڵاتانە کردووە رێزی زیاتری عیراقیان گرتووە، وەختێك یەك نەبووبین بە یەك مەسیج ئاسانتر دەستیان هەبووە لە ناو کاروباری ئەم وڵاتە تەدەخول بکەن، ئەمەش شتێکی سروشتییە، لە حاڵەتی وادا ئاساییە لەگەڵ زۆربەی زۆری دراوسێیەکان گرفت دروست بێت، بەڵام هەموو گرفتەکان بەرەو چارەسەرکردن دەچن، ئەم گرفتانە هی یەك رۆژو دوو رۆژ نین بەڵکو چەندین ساڵە کەڵەکە بوون، گرفتەکانی تایبەت بە شەڕی عیراق و ئێران هێشتا هەیە، لەگەڵ تورکیا گرفتەکانی پەکەکەو کێشەی ئاو هەیە، لەگەڵ سووریا گرفتی مێژوویی هەیە، لەگەڵ کوەیت بەهۆی ئەحکامی بەندی حەوت و ئەوانەوە نەمانتوانیوەو ئێستا خەریکە چارەسەریان بکەین، عیراق

**هەر کاتێك هەڵوێستی سیاسی یەك بوو بێت بە یەك دەنگ و یەك هەڵوێستەوە قسەمان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دراوسێ کردووەو ئەوانیش رێزی زیاتری عیراقیان گرتووە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد رۆڵی سەرەکییان هەبووە بۆ دامەزراندنی حکومەتی وەحدەی نیشتمانی**

دژی هەر دەستێوەردانێکی هەرێمی و جیهانییە بۆنێو کاروباری ناوخۆیی.

**گوڵان:** خەریکە پێوەندییەکان لەگەڵ کوەیت ئاسایی دەکرێتەوە، مەسەلەی دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵات گەیشتۆتە کوێ و تا چەند ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکان دەبێتە هۆکارێك بۆ دەرچوونی عیراق لە ژێر بەندی حەوتەمدا؟

**هوشیار زێباری:** لە کۆی حەفتا بریار تەنیا سێ تا چوار بریارێك ماونەتەوە ئەوانەیش پێوەندییان بە وەزعی عیراق و کوەیت هەیەو ئەوانەیش بەرەو چارەسەرکردن دەچن، مەسەلەی سنووروو ئەو شتانە دەست نیشان کراون لە بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی لە ژێر بەندی حەوتەمن لەبەر ئەوە عیراق ناتوانێت دەسکاری ئەو بریارانە بکات، سنووری وشکانیی دیاری کراوەو کۆتایی پێ هاتووە بەڵام لە سنووری دەریاوانی عیراق گرفتی هەیە، چونکە تەنیا دەریچەی ئاوی عیراق بۆ کەنداو مەمەری خۆر عەبدوڵلایە، تەنیا بەو رێگەیە عیراق دەتوانێت بگاتە ئاو و دەریا پێش ئێستا لەسەر ئەوە عیراق کێشەی هەبوو لەگەڵ کوەیت ئەمجارە ئەو کێشەیەمان چارەسەرکرد، پێویستە کارگێرییەکی هاوبەش لە ناو کوەیت دامەزرێنین بۆ رێکخستنی هاتوچۆی دەریاوانی مەدەنی، ئەمەش دەسکەوتێکی مەزن بوو بۆ عیراق کە هەتا پێش ٢٩ی مانگی نیسان ئەوە بوونی نەبوو، ئەو مافەیان بە ئێمە نەدەدا، بەڵام ئێستا گەیشتنە قەناعەت و بریاری هاوبەش، یەك دوو کێشەی بچووك ماونەتەوە، چەندین بەدیلگیراوی کوەیتی هەبوون کە سەدام بزری کردبوون، هەروەها ئەرشیفی

کویتی هەبووە کە وەختی حوکمی سەدام دیار نین، بەردەوام بە شوێن ئاسەواری ئەو کوێتیانەی بزرکراون دەگەڕێین تا هەر شتێك پێوەندی بەوان و ئەرشیفەکەشیانەوە هەبێت بیاندۆزینەوە، چونکە ئێمە هیچ بەرژەوەندییەکمان لە شاردنەوەیدا نییە، لە لایەکی ترەوە تا ئێستاش ٪٥ی فرۆشتنی نەوتی عیراق دەچێتە دەروازەی قەرەبووکردنەوەی شەڕی داگیرکردنی کویت کەلە لایەن ڕژێمی پێشوو ئەنجام درابوو، پارساڵ عیراق چوار ملیار دۆلاری وەك قەرەبوو دایەوە بە وڵاتی کویت، ئەمساڵیش ڕێژەکە زیاترە، خەریکە ئەو حساباتەش قەپات بکەین کە تا ئێستا عیراق ٣٥ ملیاردۆلاری داوەتەوە بە کویت،وەك سزا بۆ ئەو کارەی ڕژێمی پێشوو لە دژی ئەو وڵاتە کردویەتی، هێشتا ١٧ ملیاردۆلار ماوەتەوە، لە ئەستۆی عیراقدایە کە

**پێوەندییەکانی نێوان عیراق و تورکیا لە ڕووی بازرگانی و ئابووری لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. لەم ڕووەوە تورکیا گەورەترین شەریك و هاوبەشی عیراقە**

بیدات، ئێستا ڕەئیەك هەیە کە لە شێوەی بەرهەمهێناندا لە عیراق سەرف بکرێت و تا ئێستاش نەگەیشتوینەتە بڕیاری کۆتایی بۆ ئەوە، بەڵام لە هەوڵداین و بە لیژنەی هاوبەشەوە تا چارەسەر بدۆزینەوەو کۆنووسی کۆبوونەوەمان واژۆ کردووە، هەروەها مەحزەری هاریکاری و تێگەیشتنمان واژۆ کردووە، هەروەها ڕێکەوتننامەی ڕێکخستنی دەریاوانی مەدەنی لە خۆر عەبدڵلا ئەویشمان چەسپاندووە، دوای ئەوە چەسپاندنی مەبدەئی ئیدارەی هاوبەش ئەوەش واژۆ کراوە لەبەر ئەوە کێشەکان بەرەو چارەسەرن کویتیش ئامادەیی خۆی نیشان داوە، حکومەتی عیراقیش ئامادەیی و ڕەزامەندی دەربڕیوە دوو کونسوڵخانە بکاتەوە لە عیراقدا بۆ کویت یەکێکیان لە هەولێرو ئەوی تریش لە بەسرە..

**ئێمە دژی ئەو توندو تیژییەین کە دژ بە گەلی سوریا ئەنجام دەدرێت. پێویستە ئەو گەلە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات**

**گوڵان:** لە ماوەکانی پێشوودا لوتکەی عەرەبی لە عیراق بەسترا ئەمەش مانای وایە دەبێت عیراق ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە چارەسەری کێشەی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی سووریا ئایا عیراق چۆن سەیری باروودۆخی ئێستای ناو سووریا دەکات ئەگەر ڕژێمی ئەسەد لابچێت، چۆن دەتوانێت هاریکار بێت لە دروستکردنەوەی پێوەندی بەو ڕژێمەی داهاتووی ئەو وڵاتە حوکم دەکات؟

**هوشیار زێباری:** عیراق هەڵوێستی هەیە لە بەرانبەر ئەو کێشەیەی لە سوریادایە هەرگیز لەگەڵ کوشتنی خەڵکی ڕاپەریووی ئەو وڵاتەدا نەبووە و ناشبێت، کە خەڵکانی بێگوناهی زۆر بوونەتە قوربانی، عیراق لەگەڵ ئازادی گەلی سوریادایەو ڕێز لە بڕیاری ئەو گەلە دەگرێت بە هەر شێوەیەك بێت کە هاوسنوورە بە گەلی عیراقەوە، ئێمە دژی ئەو توندو تیژییەین کە دژ بەو گەلە ئەنجام دەدرێت، پێویستە ئەو گەلە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لە لوتکەی عەرەبی بڕیارێکی گرنگمان دەربارەی سووریا دەرباز کرد ئەویش پاڵپشتی کردن لە دەسپێشخەری کوفی عەنان کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانەو هەروەها ئەوەی نوێنەری کۆمەڵگەی عەرەبی لە کۆمکاری عەرەبیش کە لە شەش خاڵ پێکهاتووە، لوتکەی بەغدا پشتگیری لەو پلانەکرد

**بۆ باس کردنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران کۆبوونەوەی ٥+١ کە شەش وڵاتی گەورەی جیهانن. لەم ڕۆژانەدا کۆبوونەوەیەك لە بەغدا دەبەستن**

پێش ئەوەی لە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری لەسەر دەربچوێنرێت، ئێستاش هەر هەمان شتەو هەموو لایەك پشتگیری لێ دەکەن کە دەبێت ئەو توندوتیژییە ڕابگیرێت و چاودێرانی نێودەوڵەتی بەسەر هەموو شارەکانی سووریاوە دابەش ببن و زەمانەت بکەن تەقە نەمێنێت و هێزەکانی چەکداری بکشێنەوە لە شارەکان، هاریکاری مرۆیی بۆ خەڵکەکە بچێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت، پاشان دەست بە پرۆسەی سیاسی بکرێت بە دیالۆگی سیاسی لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆندا ئەوەش لە ژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی، ئێمە پشتگیری لەم پلانە دەکەین..

**گوڵان:** لە ماوەکانی دواییدا هەندێك گرژی لە نێوان پێوەندییەکانی ئەنقەرەو بەغدا دروست بوون، ئێستا ئەو گرژییانە خاو بوونەتەوە؟ ئەو هۆکارانە چی بوون کە وای کردبوو ئەو گرژییانە دروست بکات؟

**هوشیار زێباری:** گرژییەکە بەهۆی دەستێوەردانی ناوخۆییەوەیە، تەبیعی پێوەندی نێوان وڵاتان جیایە لە پێوەندی نێوان فراکسیۆن و حزبەکان، واتە هەر وڵاتێك سەروەریتی و ڕێزی خۆی هەیە، نابێت وڵاتێکی تر خۆی لەسەر وڵاتەکەت بکاتە حەکەم و لەسەر بەڕێوەچوونی کاروباری وڵاتەکەت دەستێوەردان بکات، ڕا بدات لەسەر ئەوەی کێ حوکم بکات ئەمە ڕێبازێکی نێودەوڵەتی و یاساییە لەبەر ئەوە وەختێك بەرپرسانی تورکیا باس لە وەزعی ناوخۆی عیراق دەکەن، ئەمە گرژی دروست دەکات، عێراقیش ڕەتی دەداتەوەو بانگی باڵیۆزیان دەکات و هەڵوێستی لەسەر وەردەگرێت، بەڵام پێوەندییەکانی نێوان عیراق و تورکیا لە ڕووی بازرگانی و ئابووری لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، لەم ڕووەوە تورکیا گەورەترین هاوبەشی عیراقە..

**گوڵان:** ئێستا زیاتر لە بیست باڵیۆزخانەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە تا چەند کردنەوەی ئەو قونسڵیانە گرنگن بۆ عیراق بە گشتی؟

**هوشیار زێباری:** ئەمانە زۆر گرنگن، ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی ئەم

**هەمیشە سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی خودی وەزعی ناوخۆی وڵاتەکە بووە. چەند وەزعی ناوخۆ بەهێز بووبێت بە هەمان هێزەوە سیاسەتی دەرەوەش بە هێز دەبێت**

قونسڵخانانە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقـــەوە بە کۆی دەنگی ئەوان بڕیاری لەســـەر دەدەن نـــەك وەزارەتـــی دەرەوەی عیراقی، لەبەر ئـــەوە حکومەت هاندەرە بـــۆ ئەوەی ئەم قونســـڵیاتانە لە هەرێم و شارەکانی تریش هەبێت، لە بەسرەو کەربەلا و موســـڵیش هەن، کردنەوەیان شـــتێکی گرنگە..

**گوڵان:** بەڕێزتان وەك یەکێك لە بەرپرســـە باڵاکانی عیراق چۆن تەماشای سوپای عیراق دەکەیـــت کە بـــە بونیادنانەوەی خۆی خەریکەو بڕیاریش وایە لە ســـاڵی ٢٠١٤ کۆمەڵێك فڕۆکەی ئێف شـــازدە بکڕێتن، کورد تا ئێســـتاش ترســـی لە خۆپڕچەککردنـــی ســـوپای عیراقە، ئەم ترسەی لەبەر چییە؟

**هوشـــیار زێباری:** کورد حەقێتی بترسێت لە خۆپڕ چەك کردنی ســـوپا چونکە لە مێـــژوودا ئەزموونی هەیە، ئەگەر عیراق بەهێـــز بێت و کـــورد ڕۆڵ و ڕای خۆی هەبێت مەترسی نییە، ئەگەر کورد بەشدار نەبێت لە بڕیارە ئەمنی و سیاسییەکان ئەو کاتە مەترسی دەبێت بەڵام بە تەئکید عیراق لە هەوڵدایە هێزەکانی خۆی پتەوتر بکات، ئەو سوپایەی پێشوو هیچی نەمابوو، لە سفرەوە دەست بە دروستکردنەوەی کرایەوە، دەبێـــت کوردیش بەشـــدار بێـــت، مادەم شەریکایەتی نیشتمانی وەك پڕۆسەیەکەو ئەمیش تێیدا بەشدارە..

**ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی قونسڵخانانەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بڕیاری لەسەر دراوە گرنگە**

**دەبێت کوردیش بەشدار بێت لە دروستکردنەوەی سوپای عێراق مادام لە پرۆسەی هاوبەشی نیشتمانی بەشدارە**



## ئایەتوڵڵا شیخ قاسم تائی بۆ گوڵان:

# پێویستە گرفتی ئێستای عێراق لە بناغەوە چارەسەر بکرێت

**ئایەتوڵڵا شێخ قاسم تائی یەکێکە لە مەرجەعە ئاینیەکانی نەجەفی ئەشرەف و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی رەوتی سەدر و لەدوای شەهید محەمەد سەدرەوە خۆی بە جێگرەوەی ئەو دەزانێت، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و زانینی هەڵوێستی مەرجەعی ئایینی نەجەف، دوو پرسیارمان ئاراستەیان کرد، بەسوپاسەوە شیخ قاسم ئەلتائی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**



*** بۆ دەرچوون لەم قەیرانی سیاسییە ڕێگاچارەکانی ئێستا کامانەن؟**

- لەو بڕوایەداین بەهیچ شێوە ڕێگا چارەیەك هیچ دەرفەتێك بۆ دەرچوون لەم تەنگژەو قەیرانە نییە، چونکە مەبەست لە ڕێگاچارە چاوەڕوانکراوەکان تەنیا بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکەیەو بەس یان بۆ وەستاندنی پێشهاتە ناهەموارەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسییە بە بێ ئەوەی لە جەوهەری قەیرانەکە نزیك بینەوە، ئەم حاڵەتەمان لەهەموو هەنگاوەکانی پێشوودا هەست پێکرد کە زیاتر پێشنیازو تێڕوانین دەخسترانە بەردەمی هەمووان، بەڵام خێرا ئەم ڕێگا چارانە ڕووخساریان دەپژا بەدیوارێکی پۆڵایندا و لەگەڵ بنەوایەکی بەهێز بەر یەکدەکەوتن، ئەو بنەوایەی کە بەهۆیەوە قەیرانە سیاسییەکەی لەسەر دروست بووە، بەبێ چارە دۆزینەوەیەك بۆ ئەو بنەوایانە هەموو ڕێگا چارەکان کەموکورت دەردەچن و هیچ سوودێکیان نابێت، بەڵکو دووبەرەکی و پێکدادانی سیاسی زیاتری پێ چەکەرە دەکات.

لەکاتێکدا قەیرانەکە زیاتر شەخسیە نەك سیاسی و هیچ پێوەندی بەبەرژەوەندی وڵاتەوە نییە، بەقەد ئەوەی پێوەندی بەدەستکەوتی تایبەتی شەخسەکان و توێژەکانەوەیە.

لەبەر سایەی ئەم رۆشناییەوە ئەگەر ئەم گرفتە بخەینە بەردەم چارەسەرێکەوە پێویستە لەبناغەوە گرفتەکە چارەسەر بکرێت، بەواتای لەدەستوورو یاسا بنەڕەتیەکانی دامەزرانەوەی دەوڵەتەوە کە برایمەر بەپێی ئەو بنەمایانە دەستووری پێ دارشتەوە، لەوێوە بۆ چارەسەر بگەڕێین، ئەو دەستوورە لەسەر چەند دینگەیەکی دەستوورییانەی وا دارێژراوەتەوە کە مەحاڵەعێراق بخاتە کەنارێکی ئارامەوە، ئەگەر بێت و هەر بەبەردەوامی هەمان بنەوای دەستووری کاری پێ بکرێت، دوای ئەوە دانیشتنی هەمان ئەو لایەنە رکابەرانەی لەدژی یەکن بەبێ سەرپەرشتیارێك و یان شوانێك کە چارەسەرێکی واقیعیانەی پێ بێت و هەمووان پێی رەزامەندبن

ئەوەچارەسەر بەدی ناکرێت، لێرەوە مەسەلەکە پێویستی بەبوێرییەك هەیە لەهەڵوێستی سیاسەتمەدارەکان خۆیاندا هەروەها پێویستی بەهەنگاوێکی بوێرانەتر هەیە بۆ رێکەوتن لە پێناوی سەر لەنوێ دارشتنەوەی دەستوورەکە بەئیرادەیەکی نیشتمانی خاوێنەوە، کە تەنیا بناغە بۆ دارشتنەوەی بریتی بێت لە هاوولاتی بوون، هەروەها دوور کەوتنەوە بێت لە موحاسەسەی سیاسی کە رووخێنەری پرۆسەی بونیاتنان و پەرەپێدانی ولاتە، دەکرێت لەمیانەی رژێمێکی دیموکراتی نوێدا نەك ئەم رژێمەی ئێستا، ئەو پرۆسەیە سەر بخرێت، واتە بە هیممەتی رژێمێك کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی کراوە شتەکان بونیات بنێت و دامەزراندنی حکومەتیش لەسەر بناغەی زۆرینەی نیابی رێکخراوبێت، بە مەرجی مانەوەی سیستمی پەرلەمانی ئێستا تا ببێتە سیستمێکی سەرۆکایەتی وا کە هەموو عێراقیەك بێ جیاوازی مافی خۆپالاوتنیان بۆ پایەی سەرۆك وەزیران هەبێت. هەروەها ئەنجومەنێکی نیشتمانی گشتی هەبێت لەکۆمیسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان و لیژنەی نەزاهەو لیژنەکانی چاودێری داراییەوە هەروەها لەئەنجومەنی هەڵسەنگێنەری کاری وەزارەتەکان و پرۆژەکانی پارێزگاکانەوە دروست بووبێت، ئەو ئەنجومەنە بتوانێت پلانی پەرەپێدانی گشتی بۆ هەموو عێراق وەکو یەك دابنێت و بۆ هەر پارێزگایەکیش لەچوارچێوەی پلانی نیشتمانی و بەرنامەرێژی

**هاوولاتی بکرێتە پێوەرێك لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا. بەو مەرجەی هەر پارێزگایەك بەحسابی ژمارەی خەڵکەکەی بودجەی بۆ دیاری بکرێت. ئەوەش لەپێناوی ئەنجامدانی دادپەروەری لەدابەشکردنی سامانەکاندا**

پرۆژەکانیدا کاری پێویستی بۆ بکرێت ئەوەش بەپێی توێژینەوەی پلاندانانی تایبەتمەندو هەروەها بەپێی بەرنامەیەکی دادپەروەرانەو موسائەلە، یان بە پێی بەرنامە نیشتمانییەکانی تر، کە دەکەونە بەر لێپرسینەوەی پەرلەمان بەو مەرجەی نەکەونە ژێر رکێف و سەرپەرشتی حکومەت یان پەرلەمانەوە تا نەخرێنە بەر هێزی گوشارو موزایەداتی سیاسیەوە.

خاڵی گرنگی تر دەرچوواندنی لێبووردنێکی گشتی بێت تا بەبێ جیاوازی هەموو عێراقیەکان بگرێتەوە، تەنیا ئەوانەیان نەبێت کە لەتاوانی کوشتن و تیرۆرەوە تێوەگلاون، دەکرێت حکومەت لە کەسوکاری قوربانیانی تیرۆر چارەنووسی ئەو تیرۆرستانە یەکلایی بکاتەوە تا مافی قوربانیەکان بەهەدەر نەچێت، هەروەها خاڵی تر گێرانەوەی خزمەتی سەربازی ئیلزامییە کە باشترین دەرفەتە بۆ گەنجانی عێراق لەهەموو ناوچەکانیدا تا بێ جیاکاری بخرێنە ناو ریزەکانی سەربازییەوەو ئەمەش رێگا خۆش دەکات بۆ گێرانەوەی ئینتماو برایەتی و یەکخاکی وەتەن، هەروەها رێکخستن و کەمکردنەوەی گەشت و سەفەری بەرپرسان لەچوارچێوەیەکی سیاسەتێکی نیشتمانیدا کە بناغەکەی ولاتپارێزی بێت. یەکێتی و هێزی ولات بپارێزرێت نەك بۆ خۆبەهێزکردن لە رێگای هێزی دەرەکییەوەو نەك بۆ موزایەدەکردن بەسەر بەرژەوەندی ولاتەوە یا رەخنەگرتن لەحکومەت تەنیا بە مەیلی خۆدەرخستن، یا دامەزراندنی پرۆژەی تایبەت بەبەرگ و پۆشاکێکی ئیتنی و تائیفی و ئاینی . تاد.

*** ئایا مەرجەعیەت هیچ پێشنیازو سەرنج و تێروانینێکی بۆ چارەسەری قەیرانی ئێستا پێیە یا چ دەستپێشخەرییەکی دیاریکراوی بۆ لێکترنزیکبوونەوەی هێزە عێراقییەکان لەبەرنامەدایە؟**

- پێویستە هەندێك بنەمای ئەخلاقی پیرۆزکراو لەنێوان شەریك و هاوبەشیکارانی پرۆسەی سیاسی دا بوونی هەبێت، لەوانەش :

١- بەکار نەهێنانی وەسف و پێناسەی

**راگەیاندنی فەرمی حکومی بۆ هەمووان کراوە بێت بەبێ جیاوازی و لایەنگیری کردن بۆ لایەنێکی دیاریکراو**

تائیفی و ئیتنی و هەرناوێکی تری کە لەناواخنی تایەفەگیری هەڵبقوڵێت و دوور بێ لە ئینتمای نیشتمانی گشتیەوە.

٢- هەمووان پێکەوە کاربکەن لەناو یەك کەشتیداو لەچوارچێوەیەکی نیشتمانی گشتی عێراقیدا، ئەوەش بەپێی پلانێکی کاری نیشتمانی کە هەموو شەریکە سیاسیەکان بریاریان لەسەر دابێت، جولاندن و کارکردنیش لەو پرۆسەیەدا بەشێوەیەك بێت و رێگا نەدرێت بەوەی کەس لێی دەربچێت .

٣- دوورکەوتنەوە لەزمانی گرژی تۆمەتبارکردن و خیانەتکاری کە ئێستا لەنێوان سەرکردە سیاسیەکان لە راگەیاندنەکانەوە دەبیسترێت.

٤- پەلەکردن لەچارەسەری گرفتە هەڵپەسێردراوەکان بەپێی گرنگێتی و مەترسیداری هەر یەکەیان لەسەر داهاتووی عێراق، لەگەڵ پتەوکردنی بنەمای پەرەپێدان.

٥- هاوولاتی بکرێتە پێوەرێك لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا، بەو مەرجەی هەر پارێزگایەك بەحسابی ژمارەی خەڵکەکەی بودجەی بۆ دیاری بکرێت، ئەوەش لەپێناوی ئەنجامدانی دادپەروەری لەدابەشکردنی سامانەکاندا.

٦- راگەیاندنی فەرمی حکومی بۆ هەمووان کراوە بێت بەبێ جیاوازی و لایەنگیری کردن بۆ لایەنێکی دیاریکراو.

٧- دۆزە بنەرەتیەکانی ئابووری و بەرگری و کاروباری دەرەوە لەبندەستی حکومەت بنرێت، بەمەرجێك حکومەت ئاگای لەمافەکانی هەمووان بێت و بەپێی پێداویستی هەر ناوچەیەك یا پارێزگایەك کار بکات و مەترسیەکانی ئەو پارێزگایەش لەبەرچاو بگیرێت.



# تورکیا ڕۆڵێکی نوێ لەناو گۆڕانگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

(تورکیا ئەو دەوڵەتەیە کە بەتێڕوانینی ڕۆژئاوا سەیری دەکەیت وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتیە، بەڵام کە بەتێڕوانینی ڕۆژهەڵات سەیری دەکەیت وڵاتێکی ڕۆژئاواییە. تورکیا خەریکە لەو ڕاستیە تێدەگات کە بەهای ستراتیژی ئەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هێزێکی ئیسلامیە، لەبەر ئەوەی زۆر دەوڵەتی دیکەش لەناوچەکەدا هەن، بەڵکو تورکیا هێزێکی ئیسلامیە و پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە و دەتوانێت دەستی بگاتە تەکنۆلۆژیا و هێزی هاوپەیمانی ئەتڵەسی و هەروەها دەتوانێت لەسەر مێزێک لەگەڵ ئەوروپیەکان دابنیشێت.. پێگەی تورکیا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوکاتە بەهێزتر دەبێت کە ئەردۆگان بتوانێت بە تەلەفون پێوەندی بەهەموو سەرکردەکانی جیهانەوە بکات).



سۆنەر چاغباتای



گرنگـــی تورکیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و دەوڵەتانی دەوربەری لـــەوە دەرچووە تەنیا وەك دەوڵەتێـــك ســـەیر بكرێت، بەڵكو بـــۆ ڕۆژئاوا تورکیـــا ئەو کلیلەیە کە دەتوانرێت کێشـــەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی پێ چارەسەر بکرێت، یـــان ڕاشـــکاوانەتر تورکیا ئـــەو ڕێڕەوەیە کە ئەمریـــکا و یەکێتی ئەوروپا دەتوانن لێوەی بێنە ناو کێشـــەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەش نییە کـــە دەوڵەتانی ناتۆ یان ئەمریکا و یەکێتـــی ئەوروپا ناتوانن بەبێ تورکیا هیچ هەنگاوێك هەڵبگرن، هەروەك چۆن لەساڵی ٢٠٠٣ هەڵوێســـتی تورکیا جیاواز بوو لەئەمریکاو ســـاڵی پاریش لەمەسەلەی لیبیادا تورکیا هەڵوێســـتی جیابوو لەناتۆ و ئەمریکا، بەڵام واقیعی ڕووداوەکانیش دەریانخســـتووە کە ئەگەر تورکیا هەڵوێســـتی لەگـــەڵ ڕۆژئاوا یەکبگرێتەوە، ئەوا کارەکان باشتر ئەنجامدەدرێن، ئەمەش جۆرە لێکتێگەشـــتنێکی لەسیاســـەتی دەرەوەی تورکیا دروســـتکردووە، بەوەی تورکیا ئەگەر هاو هەڵوێستی ڕۆژئاوا بێت، پێگەیەکی بەهێزتری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا پێوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان خاڵێکی گرنگـــە لەوەرچەرخانی تێڕوانینەکانـــی سیاســـەتی دەرەوەی تورکیا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لەچەندین ساڵی ڕابردوو جـــۆرە تێڕوانینێکی دیکـــە بەرامبەر هەرێمی کوردســـتان هەبووە، بەڵام ئـــەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی لەماوەی یەك دووســـاڵی ڕابردوو بینیمان و ئەوەشی لەسەردانی ئەم دواییەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بینیمان کە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بەو ئاستە ئاماژەیان پێکرد بەوەی تورکیا بەئاستی سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لەسەرۆکی هەرێمی کوردســـتان کردووە، ئەمـــەش وەرچەرخانێکە لەپێوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکراوە.

**تورکیا و هەرێمی کوردستان**
**وەرچەرخانێکی ئیجابیانە لەپێوەندیەکاندا**


هەڵوەستە کردن لەسەر بونیادی پێوەندی دۆستانە لەســـەر بنەمـــای ڕێزی هاوبـــەش و پێوەندی دوولایەنە لەگەڵ ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردســـتان بۆ هەموو دەوڵەتێك وەك یەك ئاسان نییە، لەوانەیە ئەو دەوڵەتانەی کە هاوســـنوور نین لەگەڵ هەرێم ئاســـانتر بتوانن بگەنە ئەو قەناعەتەی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بونیاد بنێن، بەڵام دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردســـتان کە بەشێکی زۆری کورد لەوڵاتەکانیدا هەیە، هەموو کات بەهەســـتیاری مامەڵـــە لەگەڵ ئەم هەرێمە بکـــەن، هەربۆیە ئەگەر پێشـــتر جۆرێـــك لێکحاڵینەبوون لەنێوان هەرێم و دەوڵەتانی دراوسێ دروست بووبێت، ئەوا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لەمیانەی هەوڵە بەردەوامەکانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ گەیاندنی پەیامی ئاشـــتیانە و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکان بەڕێگەی ئاشتیانە، بۆتە هـــۆکاری ئەوەی ئەو حاڵەتە بوونی نەمێنێت و پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەئاستێك وەربچەرخێن کە پێشتر کەس مەزندەی نەدەکرد، ســـەبارەت بەم لایەنە و لەسەر ئاستی پێوەندییەکانـــی نێوان هەرێمی کوردســـتان و تورکیـــا پرســـیارمان لەپەرلەمانتـــاری تورك ســـوعات کلینکی ئۆغلۆ ســـەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانـــی دەرەوە لەپەرلەمانی تورکیا کرد و ســـەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بەر لەهەموو شـــتێك دەمەوێـــت ئاماژە بەوە بکـــەم کە کورد و تورك بەلای منەوە بران و پێویســـتە لەپێشەکیدا ئەمە بڵێین، هەر بۆیە شـــتێکی لەمە ئاساییتر نییە کە دوو کۆمەڵگەی برا پاڵپشتی یەکتر بکەن و هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنی ستراتیژی ئەنجام بدەن، چونکە پێوەندیەکی دۆســـتانەیە لەســـەر بنەمای ڕێـــز و بەرژەوەندی هاوبەش، هەروەها هەرێمی کوردســـتانیش گەیشتە ئەو قەناعەتە کەوا بوژانەوەی ئابووری و کرانەوە بەرەو ئەوروپا لەڕێگـــەی تورکیاوە دەبێـــت و هەر بۆیەش ئەم پێوەندیەیان بەشـــێوەیەکی زۆر زیرەکانە قۆزتەوە و تورکیاش لـــەم بارەیەوە هەڵوێســـتێکی زۆر باش و گونجـــاوی هەیە لەڕووی وەبەرهێنان و ئابووری و زانکۆکان و پێوەندیە دوو قۆڵیەکان، من پێوەندی ئێســـتای نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان بەئاســـتێك دەبینم کە بەر لەچەند ســـاڵێك بەخەیاڵی کەســـدا نەدەهات بگاتە ئەم ئاستەی ئێســـتا دەیبینین، بۆیە من هیواخوازم هەر بەردەوام بێ و پێموایە ئەم پێوەندیەی نێوان کوردســـتان و تورکیا پێویستە ببێتە نموونەیەك بۆ لایەنەکانـــی تری ناوچەکـــە، واتە ئەگەر دۆستایەتی تورکیا بەدەست بێنی ئەوا قازانجی دووقۆڵی لێدەکەوێتـــەوە، هیواخوازم پێوەندیەکان هەمیشە بەرەو باشی بڕۆن، سەبارەت بەعێراقیش تورکیا دەخوازێـــت یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزرێت، بەبێ ئەوەی پێویســـت بکات تورکیا لەوێـــدا ببێتە ئاکتـــەر و ڕۆڵێکـــی دیاریکراو بگێڕێت، هەروەها عێراق وڵاتێکی زۆر گرنگە بۆ تورکیا و وڵاتێکی دۆستە بۆ تورکیا، بەڵام بـــەم دواییانە هەندێ ڕوونکردنەوەی ســـەیری مالیکی بووە جێـــی نارەحەتی تورکیا، چونکە تورکیـــا لەچوارچێوەی دەســـتووری عێراق و لەچوارچێـــوەی بوونـــی پێکهاتە جیـــاوازەکان لەعێراق دەیەوێت درێـــژە بەپێوەندیەکانی بدات، بەڵام ڕاســـتیەکیش هەیە کـــە تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردســـتانی عێراق و لەگەڵ ئەکتەرە سیاسییەکانی تری ناوەوەی عێراق لەپێوەندی و چاوپێکەوتن دایە، چونکە ئەمانە خۆی لەخۆیدا لەوە گەیشـــتوون کە تورکیا بەنیازی پێوەندی چاك و بەهێـــزە و پێوەندیە ئابووریەکانیشـــمان بەشـــێوەیەکی زۆر جوان پاڵپشتی ئەمە دەکەن، هەر بۆیە ئێمە هیواخوازین کە سەرۆك وەزیران و حکومەتی بەغدا نەرمتر مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانوایە ئەم گرژیانەی لەنێوان تورکیا و سەرۆك وەزیرانی عێراق دروست بووە بەهۆی هەڵوێســـتی تورکیا بووە لەهەمبەر ســـوریا، بۆیە ئەم ڕەفتارانەی سەرۆك وەزیرانی عێـــراق تورکیای نیگەران کردووە و ئەمەشـــی لەڕێگەی پێوەندییە دیپلۆماتیەکانەوە بە بەغدا ڕاگەیاندووە)).

**تورکیا ئەو ڕێڕەوەیە کە ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا دەتوانن لێوەی بێنە ناو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە**

**لایەنی سەرەکی کە پێویستە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت، حکومەتی تورکیایە**

**وەرچەرخانی تازە**
**لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا**

ئەگەر ئاســـتی پێوەندییەکانی ئێســـتای نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە وەرچەرخانێکی تـــازە لەسیاســـەتی دەرەوەی تورکیـــا هەژمار بکرێـــت و سیاســـەتی دەرەوەی تورکیا دوای گۆڕانکارییەکانـــی بەهاری عەرەبی زیاتر لێك نزیکبوونـــەوە بێت لەگەڵ ڕۆژئاوا، ئەوا مانای ئەوەیە لەســـەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕۆژئاواش وەرچەرخانێکی گرنگ لەهەمبەر سیاســـەتی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر هەرێمی کوردســـتان هەیە، ســـامی کۆهین ڕۆژنامەنووسی دیاری تورك و ستوونســـووی دیاری ڕۆژنامەی میللەیەت، ســـەبارەت بەم لایەنـــە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باســـی ئەم وەرچەرخانەی لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردســـتان کـــردوو وتـــی: (ئێســـتا تورکیا پێوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ســـەرکردەکانی ئەو هەرێمە دروست کردووە، ســـەردانی ئەم دواییەی بەڕێز مسعود بارزانی ئاماژەیەکن بۆ ئاستی پێوەندییەکان، هەروەها ئەم گەشەسەندنانەش بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا تازەن و ئەمە هەڵوێســـتێکی نوێیە لەسیاسەتی دەرەوەی کوردستان و ساڵانی پێشتر نەمانبینووە



## سامی کۆهین بۆ گوڵان:

# ئێستا واقیعێک بوونی هەیە کە هەرێمی کوردستانە، ئەم واقیعەش لەلایەن بەرپرسانی تورکەوە بینراوە و دانی پێدانراوە

و ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری سیاسەتی دەرەکی تورکیا لەناوچەکەدا. هەروەها ئێستا واقیعێك لەباکووری عێراق هەیە کە هەرێمی کوردستانە، ئەم واقیعە ئێستا لەلایەن بەرپرسانی تورکەوە بینراوە و دانی پێدانراوە و سیاسەتێکی گونجاو لەگەڵ ئەم ڕاستیەش پێڕەو دەکرێ، واتە بەم دواییانە پێوەندی گرنگ ڕوویدا وەك سەردانی بارزانی بۆ ئەنکەرا و...تاد. کە بووە هۆی چڕترکردنەوەی پێوەندیەکان، هەندێك گرژی و ناکۆکی هەبوو کە لەیادکرا و چیتر ئەنکەراش لەوبڕوایەیە کە پێویستە پێوەندیەکان بەهێزتر بکرێت و دیالۆگ لەنێوان ئەم دوو لایەنە جێگیر بکرێ، هەنگاوەکانی ئەم دواییەش هەر لەم جۆرە بووە. هەروەها سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش سەردانێکی چاوەڕوانکراوە، بێگومان هەر هەنگاوێك لەبارەی پێوەندیەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان گرنگیەکی زۆری هەیە و ئەمەش یەکەم دید و چاوپێکەوتنی نێوان تورکیا و نێچیرڤان بارزانی نییە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەتورکیا ناسراوە و جگە لەچاوپێکەوتنە چاوەڕوانکراوەکان ئەم هەنگاوانە زۆر سوودبەخش دەبێ)).

### هەوڵی هاوبەش
### بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان
### بەشێوازی ئاشتیانە

لایەنێکی دیکەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ئەو گۆڕانکارییە کە حکومەتی تورکیا و پارتی داد و گەشەپێدان بەرامبەر کوردی تورکیا گرتویەتەبەر و ئەو دانپێدانانەیە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ئاماژەی پێکردووە بەوەی کەس ناتوانێت نکۆڵی لەبوونی کورد لەتورکیا بکات و دەبێت ئەو کێشەیە بەشێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، سەبارەت بەکاریگەری پێوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا لەسەر ئەم پرسە سوعات کینگلی ئۆغلۆ لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە تیشکی خستە سەر ئەم لایەنەو وتی: (بێگومان تورکیا هەوڵکانی بارزانی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا زۆر لەلا گرنگە، خۆ ئەگەر بەڕێز بارزانی لەداهاتوودا پێگە و پایەی خۆی لەناو کوردی ناوچەکە بخاتە گەڕ و بەچارەسەری ئاشتیانە ڕازیان بکات، ئەوا هەڵوێستەکانی بارزانی زۆر گرنگ دەبێت، بەڕاستیش دەبێت ئێمە هەردوولامان کورد و تورك بگەینە ئەو قەناعەتەی ئەو شەڕە بێ مانایەی ماوەی ٣٠ ساڵە بەردەوامە دەبێت کۆتایی بێت، بەڵام وەك ئەو پەندە دەڵێت چەپڵە بەدەستێك لێ نادرێت، بۆیە من ئومێد دەخوازم لایەنەکانی دیکەش کە پێوەندارن بەم کێشەیە هەڵوێستی گونجاو وەربگرن، من هیوادارم ئەم کێشە زوو چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەبەرژەوەندی تورکیش و کوردیشدایە)).

> **ئەو گرژیەی لەنێوان تورکیا و سەرۆك وەزیرانی عێراق دروست بووە بەهۆی هەڵوێستی تورکیا بووە لەهەمبەر سوریا**

بەڵام سامی کۆهین سەبارەت بەچارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا پێیوایە کە هەنگاوی یەکەم دەبێت حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هەڵی بگرێت، هەوڵی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانیش بۆ پشتگیری ئەم چارەسەرە ئاشتیانەیە کاریگەری دەبێت، سەبارەت بەم لایەنە و لەدرێژەی ئاخاوتنەکەیدا بۆ گوڵان کۆهین بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: ((لایەنی سەرەکی کە پێویستە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت حکومەتی تورکیایە، بەڵام ئەگەر سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە ڕۆڵێك بگێڕن بێگومان سوودبەخش دەبێ، یەکێك لەئامانجەکانی چاوپێکەوتنەکانی ئەنکەرا و هەولێریش هەر ئەوەیە و بەڕای من کاریگەریەکی باشی دەبێت)).

### تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هەتا ساڵی ٢٠١١ش، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەزۆر بواردا لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژئاوا لەزۆر بواردا یەکی نەدەگرتەوە، بەتایبەتیش کە گۆڕانکارییەکانیش لەوڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد، تورکیا هەڵوێستێکی هەبوو، وڵاتانی ڕۆژئاوا هەڵوێستێکی دیکەیان هەبوو، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١١ کە تورکیا چووە ناو پرۆژەی بەرگری ڕۆکێتیەوە لەژێر چەتری ناتۆ، تورکیا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پێگەو شکۆی ئەو پێوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ



سوعات ئۆغلۆ بۆ گوڵان:


# تورکیا هەوڵەکانی بارزانی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا زۆر بە گرنگ دەزانێت

[redacted]ـەتی دەرەوەی تورکیا کـــە لە کۆمەڵێك بواردا لەگەڵ ڕۆژئاوا یەکی نەگرتۆتەوە، ســـەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوە لەپەرلەمانی تورکیا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (پێش هەموو شـــت تورکیا کارەکتەرێکـــی دیار و کاریگەرە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕاســـتە لەسەردەمی شەڕی سارد تورکیا لەناوچەکەدا بوونی زۆر بەرچاو نەبووە، بەڵام لەماوەی ١٠ ساڵی دواییدا تورکیا دەستی کردووە بەڕۆڵگێڕانێکی ئەکتیڤ لەناوچەکەدا، هۆکاری ئەمەش بـــۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تورکیا لەڕووی پێوەنـــدی کەلتوری و ئایینی لەگەڵ ناوچەکـــە تێکەڵە، ئێمەش ئەمەمان بەلاوە زۆر گرنگە لەڕووی ئاڵو وێری بیر و ڕا و ئابووری و بازرگانی و گەشـــتوگوزار، هەروەها تورکیا بەردەوامـــە لەتێکەڵاوبوون لەگـــەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، ئەمەش بەردەوام بوو هەتـــا دەســـپێکی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی جۆرە گرژیەك لەبـــەر ئەوەی تورکیـــا تەنیا تۆزیك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە، لەبەر ئەوەی بەشـــێکی لەڕۆژئاوایە و بەشێکیشـــی لەڕۆژهەڵاتە، لەهەمانکاتدا لەهەوڵی ئەوەشدایە لەسەر ئاستی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێوەندییەکانـــی درێژە پێبـــدات، بۆیە جۆرێك لەجیاوازی سیاســـەتی دەرەوەی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوا دەرکەوت، لەم حاڵەتەدا کەسەیر دەکەین تورکیا خاوەنی هەمان بۆچـــوون نییە لەگەڵ ڕۆژئاوا، بۆیە پێویســـتە ڕۆژئاوا هەڵوێســـتی خۆی وەك تورکیا لێ بکات، ئەمە لەبەرامبەر ســـوریاش بەوجۆرەیە، بەڵام پێویستە ئەمە وەك چەند گۆڕانگاریەکی ڕادیکاڵ لەسیاســـەتی دەرەوەی تورکیـــا لێکنەدەینـــەوە، چونکـــە لەئەنجامدا تورکیـــا ئەندامی چالاکی ناتۆیە و، لەچەندین لایەنی دیکەشـــدا بەشدارە، بەڵام ڕاســـتیەك هەیە ئێمە بەپێی بەرژەوەندییەکانی تورکیا سیاســـەتی دەرەوەی خۆمان دادەڕێژین، ئەگەر ئامانجی ئێمە و کەسانی دیکە هاوشێوە بوو، ئەوا هاوپەیمانێتی دەکەین، کاتێك لەگەڵی نەگونجایـــن، ئەوا سیاســـەت و دیپلۆماتیەتی خۆمـــان پیـــادە دەکەین. لەڕۆژئـــاواش ئەمە بەشـــێوەیەکی ئاســـایی وەرگیـــراوە و بۆیان دەرکەوتووە کە تورکیا سیاسەتی تایبەت بەخۆی هەیە و بڕیارەکانی خۆی وەردەگرێت)).

**پەیوەندی ئێستای نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەئاستێك دەبینم کە بەر لەچەند ساڵێك بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات**

بـــەڵام ڕۆژنامەنووس ســـامی کۆهین جیاواز لەکینگلی ئۆغلۆ پێیوایە گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەستی پێدەکرێت، بەڵام باشترە سەبارەت بەگۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی هەر حاڵەتێـــك بەجیا وەربگیرێـــت، لەمبارەوە بەمجـــۆرە ڕای خـــۆی بۆ گـــوڵان دەربڕی: (بێگومـــان ماوەیەکـــە تورکیـــا ڕۆڵێکی زۆر چـــالاك لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت دەگێڕێت، ئەم ڕۆڵەی تورکیاش ڕۆڵێکی دروســـتەکەرە، هەر بۆنموونە بۆتەهۆی چارەســـەری چەندین جیاوازی و ناکۆکی و تورکیا ڕۆڵی ناوبژیوانی گێڕاوە بۆ دروستکردنی ئاشتی و پێوەندی باش بەڕاددەیەکی ئەوتۆ کە ناتوانرێ بەراورد بکرێ لەگەڵ ساڵانی پێشوو، بێگومان هەندێك شت هەیە کە تورکیا پێی دەکرێ و هەندێ شتیشی پێناکرێ، نەك وەك ئەوەی هەندێك دەڵێن، بەبێ تورکیا هیچ شـــتێك لەناوچەکە ئەنجام نادرێ، ئەگەر بپرســـین ئایا بەبێ تورکیا هیچ شتێك دەکرێـــت لەناوچەکە؟ بێگومـــان بەڵێ، بەڵام لەگەڵ تورکیا باشتر دەکرێت. بۆیە من پێمباشە لـــەم ڕووەوە تۆزێك زیاتر وریابین. ســـەبارەت بەگۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبیش من پێم باشە ئەم ڕووداوانەی جیهانی عەرەبی هەریەکە و بەتەنیا لێـــی وردببینەوە بەبێ گشـــتاندن، چونکە هەر یەکە تایبەتە بە هەلومەرج و باری وڵاتی خۆی، پێویستە بەتەنیا لەیەکە یەکەیان ورد ببینەوە و تێـــی بگەین، بۆ نموونە ئەوەی لەتونس ڕوویدا لەوڵاتانی تری عەرەبی دووبارە نەبۆتەوە و لەلیبیا شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا، بـــەڵام لەتونس لەماوەی چەنـــد ڕۆژێك ڕژێم گـــۆڕا بەڕێگەیەکی ئاشـــتیانە و بەبێ خوێن ڕشتن لەمیســـریش هەروەها هەرچەندە تۆزێك خوێناوی بوو، بـــەڵام بەڕاددەیەکی کەم، بەڵام ئەمەی سوریا لەهی تونسیش جیاوازترە و لەهی میســـریش جیاوازترە، بۆیە گشـــتاندن هەڵەیە لێرەدا سیاسەتی دەرەکی تورکیا و دیپلۆماسی تورکیا هەڵوێســـتی تایبـــەت بەیەکە یەکەی ئـــەو وڵاتانە وەردەگرێت لـــەدوای لێکدانەوەی بارودۆخی تایبەتی وڵاتەکـــە، بۆ نموونە هەر لەسەرەتای ڕووداوەکانی میسر سەرۆك وەزیران هەڵوێستی خۆی بۆ خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر دەرخســـت و لەئەنکەراوە بانگێشەی بۆ خۆپیشـــاندەرانی تەحریر کرد، ئەگەر هەڵە نەبم کەناڵی جەزیرەش ئەمەی بەڕاستەوخۆ گوستەوە و داوای لەموبارەك کرد وەك دۆستێکی کۆن کە ویستی خەڵکی جێبەجێ بکات، تورکیا لەوێدا ڕۆڵی پاڵپشـــتیکاری خەڵکی بینی بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە توندوتیژی بەکاردێنن، تورکیا لایەنگری ئەوە دەکات کە پێویستە توندوتیژی بوەســـتێ و ئەم ڕژێمە بەزووترین کان بگۆڕێت هەروەکو لەسوریا دەیبینین)).

# داخوا عێراقییەکان دەکارن خاوەن پرۆژەی سیاسیی خۆیان بن



ئاسۆ کەریم

ململانەی دەروداروسێکانی عێراق؛ تورکیا، ئێران و وڵاتانی عەرەب، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی صدام حسێن-ەوە، بەتایبەتی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١، لەسەر بەرژەوەندو جێ نفووز، بەرچاوتر بووە. چ لەساتەوەختی هەڵبژاردنی گشتیی ٢٠١٠ و چ دوای ئەوەش، نوێنەرانی هەردوو پێکهاتەی شیعەو سوننە، بەم یان بەو ڕادەیە شنگ و برستیان، لەو ململانێیەی ئەو وڵاتانە وەرگرتووەو بەڕاستی بوونەتە بەشێك لە بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانە...

لەناو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزو تەوەر و تەوەرکارییەدا، عێراق وەکو دەوڵەت، ئاڵقە لاوازەکە بووەو گەلانی عێراق باجەکەیان داوەو تووشیان بووە بە تووشی دەوڵەتێکی فاشیل. عێراق هەندەی دەوڵەتێکی کارتێکراو بووە نیو هێندە کارا نەبووە لەو هاوکێشانەدا. ئەوەی زێتر عێراقی کزو نابودتر و بە پاشکۆ کردووە، هەر پێکهاتەیەکی ناو عێراق، لەبەر سەروەت و سامانی زۆری نەوت و گەندەڵی، لەبەر بێ متمانەیی سیاسی نێوان نوخبەی سەرکردایەتی، لەبەر دابەشبەندیی لەمێژینەو قووڵی مەزهەبی و ئیتنی و سیاسیی پێکهاتەکان، بۆ ڕاستکردنەوەی باری خۆی، ڕووی لە دەوڵەت و تەوەرێکی پێچەوانەی پێکهاتەکەی تر کردووە. ئەمەش وایکردووە شتێك بەناوی هەڵوێستی یەکگرتووی عێراقی نەمێنێ و وێناچێ عێراق، لەبەرانبەر پێشهاتەکانی بەرودواشدا یەکگرتوو بێت.

دیموکراسی لە وڵاتێکی دەسکردی وەك عێراق، لە واهیمەیەك زێتر نەبووەو نییە و نەیتوانی تا سەر بەردەوام بێت، چونکە هیچ زەمینەیەکی نییە. دیموکراسی و میکانیزمەکانی بەو شێوەی تا ئێستا بەڕێوەچوون، سەقامگیری و تەناهیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە. چونکە دوای ٨٠ ساڵ لە بێدەنگکردن، پێکهاتەکانی ناو قەوارە دەسکردەکەی عێراق، دوای ٢٠٠٣ بەئاگاهاتوونەتەوە و خۆیان بەرجەستەکردووەو بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەپێش خستووەو ئامادەنین بیکەنە قوربانیی بەرژەوەندییەکی ساختە لەناو قەوارەیەکی دەسکردی بەزۆر پێکەوەلکێنراودا.

هەوڵدرا، دیموکراسی، لە زۆرینەو کەمینەوە، بگوازرێتەوە بۆ تەوافووق و شەراکەت و لەسەر ئەو بنەمایە عێراق بۆ ماوەیەکی تریش وەکو دەوڵەت بهێڵدرێتەوە. دەستوورێکی بۆ داندرا کە هەموو کەس قسەی لەبارەوە دەکات و کەم کەس و لایەنیش ئیلتیزامی پێوە دەکات، عێراق، قەیرانێکی ستراکتوری هەیە و لەسەرەوە پینە ناکرێ و دیموکراسی ڕاستەقینەی تێدا پێڕەو بکرێ، دوا مەنزل جیابوونەوەی ڕێژەیی پێکهاتەکان و هەڵوەشاندنەوەی عێراقە وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو...

قسە لەسەر سیناریۆکان دەکرێ؛ سیناریۆی تورکی، سیناریۆی ئێرانی، سیناریۆی سعودی و هیتریش.. ئەوەی سیناریۆی نەبێ عێراقییەکان خۆیانن.. چونکە چ کۆیان دەکاتەوە جگە لە هەندێ بەرژەوەندیی ئابووری و لەوەی کە لەناو یەك دەوڵەتدا دەژین...

شیعە، هەرچەندە سەرژمێری لە عێراق نەکراوە، لێ بە مەزەندە لە ٥٠٪ ی دانیشتوان زێترن و لە دوای ٢٠٠٣-ەوە کە بە پاڵپشتی کورد، لە ڕێگەی میکانیزمی هەڵبژاردنەوە، حاکمیەتی عێراقیان بۆ ساغ بۆوە، نەکاران عێراقییەکان هێوربکەنەوەو دڵنیاییان بدەنێ و نموونەیەکی جیاواز لە ٨٠ ساڵی ڕابردوو، کە مەزهەبی سوننە باڵادەست و هژمونی خۆی بەسەر شیعەمەزبان و هژمونی عارەبانی بەسەر کورددا سەپاندبوو، نیشان بدەن و دابەشبەندییەکەیان قووڵتر کردەوە و تەنانەت ڕێگربوون لە دروستبوونی هەر هەرێمێکی تری فیدراڵی چ لەناوچەی سوننەنشین و چ لە ناوچەی شیعەنشیندا و خولیا و مەیلی سانترالیستیی توندو خۆسەپێنەرانەیان نیشاندایەوە.

ڕەنگە سیناریۆی تورکی وەك هەندێ نووسەری تورك چ مانگێك لەمەوبەر ئاماژەیان بۆ کرد، ئەگەر نەکارێ عێراق بەیەکگرتوویی بهێڵێتەوە، ئەوا ڕەنگە زێتر مەیلی بەلای کۆکردنەوەی سوننەکان بە کوردیشەوە هەبێت لەناو هەرێمێکدا، لەبەرانبەر هەرێمی شیعەنشیندا بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەدی دۆستی ئێران...لەبەرانبەردا، ئێران کە تا ئێستا، یاریزانێکی بەهێزی پشت پەردە بووە لە ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی بە قازانجی شیعەکاندا، ڕوون نییە چ دەکات؛ داخوا لەگەڵ سیاسەتی جێگۆڕکێی ئەم سەرکردەی شیعەیە بەوی تریان، یان لەگەڵ ڕێکخستنەوەی عێراقە، کە پەراوێزێکی زۆرتری بەشداریکردن بە کوردو سوننەکان بدرێ و جڵەوی ئەو سیاسەتەی لاباڵی دەستڕۆیشتووی ناو شیعە بگرێ کە ڕووی لە سانترالیزمێکی توندو بەهێزەو تا ئێستا ڕێگر بووە لە بەفیدراڵیکردنی عێراق...یان ئێران چاوەڕێی ساغبوونەوەی ستاتۆی سوریا و ئەودەمە دەکات کە شەڕ بەر دەرکەی دەگرێ!

لەم نێوەدا، کورد، تا ڕادەیەك لە دوای ٢٠٠٣-ەوە، هەوڵی داوە دەوری بەلانس بگێڕێ لە عێراقدا و پرۆژەی نەتەوەیی خۆیشی فەرامۆش نەکات. لەم سیاسەتە چەند قازانج یان زیانی کردووە، ئەوە دەکرێ ببێتە بابەتی گفتوگۆ یان لەمەودوا چ بکات لەکاتێکدا تەوەربەندیی ناوچەکە، هەردوو پێکهاتەی شیعەو سوننەی پەلکێشی ناو ململانێیەکان کردووەو پرۆسەی سیاسی عێراق-یش بەگشتی کەوتۆتە بەر حوکمی ئەو ململانێیەو دەرهاویشتەو ئاکامەکانی.. کورد داخوا دەتوانێ خۆی بەدوور بگرێ، هەندێ کەس و چاودێر پێیانوایە نا. کورد، ڕاستە بەشە هەرە زۆرەکەی سوننەمەزهەبە، لێ کێشەو پرۆژەی ئەو، نەتەوەییە نەك مەزهەبی، چونکە لە عێراقی ١٩٢١-٢٠٠٣ کە سوننە حوکمڕان بوون، زۆرترین بەڵاو کارەسات بەسەر کوردا هاتووە.. بۆیە پێموانییە، کورد و سەرانی کورد، کێشەو پرۆژە نەتەوەییەکەیان لەناو پرۆژەیەکی هەرێمایەتیی سوننەدا، ون بکەن و هەرێمەکەیان بکەنە شەڕگەو جێگەی ساغکردنەوەی ململانە کۆنە- نوێیەکەی سوننە- شیعە، عوسمانلی- ئێرانی...بۆیە تا بۆیان بکرێ لەگەڵ پاڵنانی پرۆسەی سیاسین لە عێراقدا، بە ئاقاری بە فیدرالیکردن و نا مەرکەزییەت و دابەشکردنەوەی عادیلانەی سەروەت و سامان و دەسەڵاتەکان...لەم نێوەشدا، دەسپێشکەری بە ئاقاری کرانەوە و خاوکردنەوەی گرژییەکان، بەدەست شیعەکانەوەیە کە پێموانییە ئێران پێی خۆش بێت لەسەر سنووری وڵاتەکەی گرژی و تێکهەڵچوون بێتە کایەوە و کورد لە دەوری بەلانسگێڕی خۆی بکەوێ...



# ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی سوریا خوێناوی تر دەبێت

## نە ئەسەد بەجێیدەهێڵێت نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەنگاو هەڵدەگرێت

لەگەڵ ئەوەی دەستێوەردانی سەربازی بۆ هەموو حاڵەتێك ئاكامی ئیجابی نەداوە بەدەستەوە، بەڵام مێژووی دیكتاتۆرەكان بەگشتی و رژێمی بەعس بە تایبەتی پێمان دەڵێت، هەتا ئەگەر دەستێوەردانی سەربازیش بكرێت، ئەگەر ئامانج لەدەستێوەردانەكە رووخانی رژێمەكە نەبێت، ئەوا رژێمی بەعس ئامادەیە شەڕی شەقامەو شەقام بكات و بە ئاسانی خۆی نەدا بەدەستەوە، رژێمی پێشووی بەعس لە عێراقدا نموونەیەكی زیندوو و بەرچاوە بۆ ئەو حاڵەتەی ئێستا لەسوریا بەڕێوە دەچێت، لەبەر ئەوەی مێژووی رژێمی بەعس لەگەڵ هەوڵە نێودەوڵەتیەكان ئەو راستیەمان پێدەڵێت، رژیمەكانی بەعس توانایەكی سەیریان بۆ مانۆڕكردن لەگەڵ چاودێرانی نێودەوڵەتی و بەكارهێنانی نەهامەتیەكانی خەڵك هەیە بۆ ڕەتكردنەوەی سزا ئابوورییەكان، هەریەك لەم دوو رێگەیەش نەدەتوانن رژێمەكە بڕوخێنن، نەدەشتوانن خەڵك هانبدەن بۆ ئەوەی خەڵكی وڵاتەكە خۆی رژێمەكە بڕوخێنن، بۆیە لەم حاڵەتەدا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كە رێگە تەقلیدیەكانی پیادەكرد لە دژی رژێمی بەعسی عێراق جارێكی دیكەش لەگەڵ رژێمی بەعس لەسوریا پیادەی دەكاتەوە، كە بێجگە لە كات كوشتن، شتێكی دیكە نادات بەدەستەوە، هەروەها ناردنی چاودێرەكانیش كە هەتا ئێستا لە كۆی ٣٠٠ چاودێر تەنها ٥٠ چاودێر گەیشتوونەتە سوریا، نەك هەر نەیانتوانیوە باردۆخەكە هێوربكەنەوە، بەڵكو توندوتیژییەكان زیادیان كردووەو تەقینەوەی خۆكوژیش دەستی پێكردووە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا كە بارودۆخی سوریا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت هێندەی دیكە متمانە بەكاری چاودێرانی نێودەوڵەتی كەم دەبێتەوە، بەم بازنەیەداو سەبارەت بە هەڵشكانی توندوتیژی دوای گەیشتنی چاودێرانی بیانی بۆ سوریا، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر چارس گۆردن ماكدۆناڵد ئوستادی یاسای نێودەوڵەتی و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی كورد لەزانكۆی فلۆریدا ئەتلەنتیك كرد و لەلێدوانێكی تایبەتدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر چارلس مەكدۆنالد بەم جۆرە هاتە ئاخاوتن(هەر كاتێك پشێوی باڵی كێشاو دەوڵەت شكستی هێنا ئەوا دۆخێكی تراژیدی و خراپ دروست دەبێت، پێویستە ئەو توندوتیژیەی لە ئارادایە بوەستێنرێت.


سەرەڕای ئەوەی كە نەتەوەو لایەنەكان ئۆباڵەكە دەخەنە ئەستۆی یەكتری، ئەوا دەبێت توندوتیژیەكە بوەستێنرێت، لەبەر





خەڵکانی بێتاوان بوونەتە قوربانی و بۆ هەتا هەتایە دووچـــاری کەمئەندامی بوونەتەوە لەلایەن هەردوولاوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی وەستاندنی توندوتیژی دەدات، بەڵام کاتێك دەوڵەت هەرەس دەهێنێت و یاساو نیزام نامێنێت ئەوا ئەمە کارێکی قورســـە، لەبەر ئەوەی هەردوولا تـــرس و نیگەرانیان هەیە، بـــەڵام پێکهاتەکانی وەك مەســـیحیەکان و کورد و گرووپـــە کەمینە ئیتنیەکان دەکەونە نێوان بەرداشی شـــەڕی عەلەوی و عەرەبە ســـوننەکانەوە. کەواتە وەڵامێکی ئاسان نییە بۆ ئەمە مەسەلەیە، بەڵام دەبێت توندوتیژی بوەستێت لە ئێستادا. من هیچ ڕاسپاردەیەکم نییـــە جگە لەوەی دەبێت توندوتیژی لەلایەن هەردوولاوە بوەســـتێنرێت. هەروەها ئەمەریکا توانیویەتی لە ڕێی پرۆسەی نەوای ئارامەوە ناوچەیەکی ئارام لە باکووری عێراقدا دروست بـــکات، کە ژیانی چەندیـــن هەزار خەڵکی ڕزگار کـــرد، لـــە ڕووی مێژووییـــەوە ئەم ناوچەیە لەسەر سنوورەکان دروست دەکرێت، لە ڕاســـتیدا ئەمە پرۆســـەیەکە لە مەودای کورتدا هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ خەڵك، بەڵام چارەســـەر نییە لە مـــەودای دووردا، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم ناوچەیە دروســـتکرا، ئەوا ئـــەو خەڵکانەی دەچنە ئەم ناوچەیەوە دەبێت خۆیان لەپەنابردن بۆ توندوتیژی بپارێزن. لە ڕووی نموونـــە مێژووییەکانەوە ئەتوانین بڵێین هەر کاتێك ناوچەیەکی بێلایەن دروســـتکرا

**پرۆفیسۆر جامیس جۆنز بۆ گوڵان:**



# هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەبارەی ئەوەی چ هەڵوێستێک بۆ کەیسی سوریا وەربگرێت یەکگرتوو نییە

لە نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەکانداو هەردوولا ڕێزیان لـــەم ناوچەیە گرت، ئـــەوا ئەکرێت ئەمە کارێکی یارمەتیدەر بێت. سەبارەت بە دۆخی کوردی سوریا لەم بارودۆخەدا، پێموایە کـــوردەکان لـــە دۆخێکی ســـەختدان، ئەوان ڕووبـــەڕووی ئەگـــەری دوژمنایەتیکردنی هـــەردوولا دەبنەوەو ئەوانیـــش نایانەوێت لە لایەن هیـــچ لایەکیانەوە بە دوژمن ســـەیر بکرێن، نەبوونـــی هاوکاری لە نێوان گرووپە موعارەزەکاندا کێشـــەیەکی ڕاســـتەقینەیەو پێویســـت بە دەرکردنی لێبـــوردن دەکات لە لایەن هەردوولاوە بۆ وەســـتاندنی توندوتیژی و ڕاگەیاندنی ئاگربەســـت و گەیشـــتن بە ڕێگاچارەیەکـــی ئاشـــتیانە، هەروەها نابێت هیـــچ لایـــەك ترســـی ئـــەوەی هەبێت کە دووچاری سزادان دەبێتەوە لەلایەن لایەنەکەی دیکـــەوە، ئەگەرنـــا هیچ لایـــەك پاڵنەری ئەوەیان نابێت توندوتیژی بوەستێنن، ئەمەش پێویستی بە ســـەرکردایەتیەکی نێودەوڵەتی هەیە، بارودۆخەکەش بۆی هەیە خراپتر بێت و ئەگەری ئەوەش هەیە باشتر بێت. پێم وایە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێســـتێك بگرێتەبـــەر کە تەفزیلکردنی بۆ بەرژەوەندی لایەنێك تێدا نەبێت، ئەوا هەڵوێستێك دەبێت کە لە قازانجی چارەسەرێکی ئاشتیانەدا دەبێت.

> **کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی وەستاندنی توندوتیژی دەدات، بەڵام کاتێك دەوڵەت هەرەس دەهێنێت و یاساو نیزام نامێنێت ئەوا ئەمە کارێکی قورسە**

. بارودۆخی ســـوریا ئاڵۆزترە بە بەراورد بە هەندێ وڵاتی دیکەی بەهاری عەرەبی، بە تایبەتـــی بە هۆی بوونی گرووپی ئیتنی و ئاینی جیاوازەوە. لە ڕاســـتیدا هاتنە ئارای چارەســـەری ئاشتیانە پێویســـتی بەوە هەیە هەردوولا ڕێز لە کەرامەتی ئینســـانی یەکتر بگرن)).

بەڵام بێدەنگی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی و کات بەفیڕۆدان بۆ ڕێگرتن لە هەڵکشـــانی توندوتیژی لایەنێکی دیکەیەو کێشـــەکەی زیاتر ئاڵـــۆز کردووە، ســـەبارەت بەم لایەنە پرۆفیســـۆر جامیس جۆنز ئوستادی یاسای



**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی که رێگه تەقلیدیەکانی پیادەکرد له دژی رژێمی بەعسی عێراق جارێکی دیکەش لەگەڵ رژێمی بەعس لەسوریا پیادەی دەکاتەوە. که بێجگه له کات کوشتن. شتێکی دیکه نادات بەدەستەوە**

نێودەوڵەتـــی لـــە زانکۆی ویکۆنســین لە لێدوانێکـــی تایبەتی بۆ گـــوڵان بەمجۆرە رای خـــۆی دەربڕی و وتی (( من گومانم هەیـــە لەســـەر هەڵوێســـتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی، لـــە ڕاستیشـــدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکگرتـــوو نییە لەبارەی ئەوەی چ هەڵوێســـتێك وەربگرێت. راشـــکاوانەتر ئەمجارەیان لەکەیسی سوریادا یەکگرتوو نییە بە چەشنی هەڵوێستەکانی پێشووی لە ئاست هەنـــدێ حاڵەتی دیکەی وەك حاڵەتی لیبیا کە ناوچەی دژە فڕینی ســـەپاند کە قسەی لەبارەوە کراوە، بەڵام هێشـــتا نەگەیشتونەتە ئـــەو ئیجماعـــە . من وەك رای شەخســـی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لەناو سوریا تا رادەیەك بەگرنگ دەزانم، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم ڕووەوە شکستی هێناوە، واتە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بۆ ماوەیەکی زۆرە شکســـتی هێناوە لە ئەزموونی ســـەپاندنی نەوای ئارامدا، بۆ نموونە ئێمە شکســـتمان هەیە نەوای ئارام لە دارفۆر بسەپێنین. واتە دەبێت زیانێکـــی زۆر ڕووبدات پێش ئەوەی ئێمە کاردانەوەمان هەبێت، زیانێك دووچاری گرووپگەلێکی بچوك بێـــت- لە ڕوانگەی جیهانیەوە- وەك خەڵکانـــی دارفۆر، یاخود کوردەکان، کەواتـــە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوودوڵە لەم ڕووەوە.)).

ئەم بێ ئومێدییەی پرۆ فیسۆر جامیس جۆنز ئاماژەی پێکرد بە هەمان شێوە جەختی لەسەر دەکاتـــەوەو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پرۆ فیسۆر چارلس وتی ( پێم وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شـــەرعیەتی خۆی پێشێلکردووە، لەبەرئـــەوەی لـــە هەندێ لەو شـــوێنانەی بەهاری عەرەب گرتیەوە، لە سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا بەو شێوەیەی پێویستە ڕەچاوی پرســـی دەســـتێوەردان نەکـــراوە. من دژی دەستێوەردانی سەربازیم، بەڵام پێم وایە دەبێت فشار لەسەر هەردوولایەنەکە بکرێت لەلایەن دۆســـتانی هەردوولاوە بۆ ئەوەی توندوتیژی ڕابگرن و بگەنە چارەســـەرێکی ئاشـــتیانە، هەندێجار کە ناکۆکیەکە درێژە دەکێشێت ئەوا یاســـای نێودەوڵەتی ئەو ئامڕازانە فەراهەم دەکات کـــە لـــە ڕێیـــەوە هەردوولایەنەکە، هەروەهـــا کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیـــش بۆ وەستاندنی کێشەکەو نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕێگاچـــارەی دیکـــە دەخاتەبـــەردەم لایەنە بەشـــەڕهاتووەکان و مـــن ئومێـــدەوارم کە ڕێگاچارەی ئاشـــتی بە باشتر بزانرێت.. پێم وایە تورکیا ئەتوانێـــت ڕۆڵێکی یارمەتیدەر ببینێت، لە ڕاســـتیدا دەوڵەتە دراوســـێکان ئەتوانن کاری زۆر ئەنجام بدەن، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی ئابووری ڕاســـتەوخۆیان هەیەو ئـــەم بەرژەوەندیە ئابووریانـــەش بۆی هەیە کاریگەری هەبێـــت بەســـەر هەردوولایەنە بەشـــەڕهاتووەکەوە. من پێشبینی ئەوە دەکەم کە ئاوارەی ســـوریا بچنە خاکی تورکیاوەو ئەمەش هەندێ کێشـــە دروســـت بکات، کە دەکرێت کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی یارمەتی بدات لەم ڕووەوە. پێم وایە دەوڵەتە دراوسێکانی ســـوریا ئەتوانن پێکەوە کاربکەن، باوەڕم وایە دەکرێت شتێك بکرێت بۆ وەستاندنی شەڕەکە. پێم وایە تورکیا لە پێگەیەکی باشـــتردایە لە دراوسێکانی دیکەی سوریا. کە کار لەگەڵ کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتیدا دەکات بۆ ئەوەی فشـــار بکات تاوەکو گۆڕانکاری ئاشتیانە بێتەئاراوە.))

**پرۆفیسۆر چارس گۆردن ماکدۆناڵد بۆ گوڵان:**



**پێکهاتەکانی وەک مەسیحیەکان و کوردو گرووپە کەمینە ئیتنیەکان دەکەونە نێوان بەرداشی شەڕی عەلەوی و عەرەبە سوننەکانەوە**

ڕاج دیسای بۆ گوڵان:

# حکومەتی باش لەقۆناخی ڕاگواستندا پێویستی بە سەرکردەیەکە خاوەنی ئیرادەی سیاسیی بێت و ئامادەبێت شەفافیەت پیادەبکات بۆئەوەی هاووڵاتیان زیاتر بەشداری بکەن



*** لەپرۆسەی بونیادنانەوە لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوودا ناعەدالەتی یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە، بەڕای بەڕێزتان ئایا چۆن هاوسەنگی دەخوڵقێندرێت لەمیانی پرۆسەی پەرەپێداندا بەوشێوەیەی کە تیایدا ئاستی هەژاری کەمبکرێتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورە و زۆر گرنگە و چەندین وەڵام لەخۆدەگرێت، بەڕای من ئەگەر ئاوڕێك لەمێژوو بدەینەوە و سەیرێکی ڕووداوەکان لەماوەی ٤٠ یان ٥٠ساڵی ڕابردوودا بکەین دەبینین ئاڕاستەکە بەرەو نایەکسانی بووە لەنێوان وڵاتان، بەڵام نایەکسانییەکی کەمتر لەناو وڵاتەکاندا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کە وڵاتان دەوڵەمەندتر بن هاووڵاتیان داوای پاراستنی کۆمەڵایەتی زیاتر بۆ کەمدەرامەتەکان دەکەن، هەربۆیە کاتێك کە وڵاتان گەشە بەخۆیانەوە دەبینن ئەوە چینی ناوەند دەستدەکات بەئاڕاستەکردنی خواست و داواکاری بۆ دابینکردنی پاراستن و پاڵپشتی بۆ هەژارەکان، بۆیە لەپرۆسەی پەرەپێداندا شتەکە بەوشێوەیەیە کە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن و لەئاکامیشدا — ئەگەر بێت و خۆشگوزەرانییەکە ئەنجامی پەرەپێدانێکی ئابووری بێت جگە لەوەی کە بەهۆی داهاتەکانی نەوتەوە بێت یان ...تاد، بەڵکو پەرەپێدانە ئابوورییەکە لەئەنجامی بازرگانیی شتومەك و پیشەسازی و بەرهەمهێنان بێت لەگەڵ کەرتەکانی دیکە — ئەوە لەئاکامدا دەبینین توێژی دەوڵەمەندەکان ڕوو لەگەشە دەکات لەگەڵ گەشەبوونی توێژی ناوەند و لەکۆتاییشدا توێژی ناوەند دەستدەکات بەئاڕاستەکردنی داواکاری بۆ دابینکردنی پاراستن و خۆشگوزەرانی بۆ توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە، هەڵبەتە لایەنێکی دیکەی گرنگ کە زۆر کاریگەرە بریتییە لەوەی کە دەنگ و بەشداربوون و نوێنەرایەتی لەپرۆسەی پەرەپێدان هەبێت، بۆیە لەو وڵاتانەدا کە دامەزراوەکانی دەوڵەت زۆر لەخۆدەگرن «Inclusive» دەبینین تائاستێکی زۆر پاراستنی کۆمەڵایەتی هەیە کە پاڵپشتیکەرە و جۆرە دەستەبەرییەك بۆ خەڵکی هەژار دابیندەکات، بەڵام لەو وڵاتانەدا کە دوورخستنەوە «Exclusionary» لەمیانی پرۆسەی گەشەپێداندا هەیە و دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەنتی دیموکراسییەتن دەبینین بارەکە بەهەمان شێوە نییە.

*** زۆرجار لەپێناو پاراستنی هاوسەنگی لەکۆمەڵگەدا حکومەت هەڵدەستێت بەپیادەکردنی پرۆسەی چاودێری کۆمەڵایەتی، بەواتای هەموو خەڵکی بێکار دەکات بەمووچەخۆری حکومەت، بەوشێوەیەیش حکومەت دەکەوێتە ژێر بارێکی قورسەوە و ناتوانێت خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست بۆ خەڵك دابینبکات، بەڕای تۆ تاچەند پرۆسەی چاودێری کۆمەڵایەتی تواناکانی هاووڵاتیان سڕدەکات؟**

-- ئەمە لەو وڵاتانەدا کێشەیە کە دابەشکردنی سامان زیاترە لەئاستی بەرهەمهێنانی سامانەکان، چەندین نموونە هەیە لەسەر وڵاتانێك کە بڕە داهاتێکی زۆریان دابەشکردووە لەکاتێکدا ئاستی وەدەستهێنانی سامانەکانیان بەو ئاستە نییە، بەڵام بەڕای من چەندین ئەڵتەرناتیف بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی هەیە و مەرج نییە هەموو هاووڵاتیان بخرێنە لیستی مووچەی حکومەتەوە، کاری گشتی (أشغال عامە) شێوەیەکە لەشێوەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چەندین شێوازی دیکە، بۆنموونە لەئەمریکای لاتینی پارەی تەرخانکراو هەیە بۆ دایکان، لەوڵاتانی دیکە بەرنامەی تایبەت هەیە کە یارمەتی کەمدەرامەتەکان دەدات بۆئەوەی بتوانن ببنە خاوەن موڵك و سامان یاخود لەجۆرەکانی دیکەی بەرنامەکانی نەهێشتنی کەمدەرامەتی، لەکاتێکدا لەوڵاتانی دیکە تەمویلی باجەکان هەیە کە یارمەتی خەڵکی کەمدەرامەت دەدات لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەربۆیە مەرج نییە بارەکە بەوشێوەیە بێت کە هەموان مووچەخۆری حکومەت بن، لەبەرئەوە پێموایە کە ئەڵتەرناتیڤی دیکە هەیە، ئێوە لەپرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بەوەکرد کە ئەمە بارێکی قورس لەسەر حکومەت دەخوڵقێنێت، بۆیە منیش لەگەڵتان هاوڕام و پێموایە کە بارێکی قورس دەخوڵقێنێت لەبەرئەوەی وایپێویست دەکات لەسەر حکومەت کە هەندێك سەرچاوەی دارایی خەرج بکات و هەروەك ئاماژەتان پێکرد ئەمە دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ناعەدالەتی، هەربۆیە بەڕای من ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەخودی حکومەتەکان و خەڵك لەبارەی چۆنیەتی خوڵقاندنی هاوسەنگییەك لەنێوان عەدالەت و خەرجییەکان.

**کاتێك کە وڵاتان گەشە بەخۆیانەوە دەبینن ئەوە چینی ناوەند دەستدەکات بەئاراستەکردنی خواست و داواکاری بۆ دابینکردنی پاراستن و پاڵپشتی بۆ هەژارەکان**

*** پسپۆران پێیانوایە کە لەپرۆسەی پەرەپێداندا لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هانی هاووڵاتیان دەدات بۆئەوەی ئاکتیڤ بن و هەست بەنائومێدی نەکەن، بەڵام وەك**

**پرۆفیسۆر ڕاج ئێم دیسای کە یەکێکە لەتوێژەرە دیارەکانی ئامۆژگای بۆکینگز، ئوستادی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیە لەبەشی حکومەت لەزانکۆی جۆرج تاون و تایبەتمەندە لەسەر گرفتەکانی ڕیفۆرمی ئابووری، یارمەتی دەرەکی و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، هەروەها خاوەنی چەندین دیراسات و توێژینەوەیە لەسەر لایەنە جیاوازەکانی پەرەپێدان لەسەرانسەری جیهاندا، بۆ قسەکردن لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم لەدەسپێکی پرۆسەی پەرەپێداندا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ڕاج دیسای کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

**دیارە عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێویستی بەسەروەری یاسا و دامەزراوەی بەهێز هەیە، بەڕای تۆ چۆن دەتوانرێت عەدالەتی کۆمەڵایەتی بچەسپێندرێت لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە تیایاندا دامەزراوەکان لاوازن؟**

- بەڕای من ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە و هەروەها پێموایە کە پرسیارە سەرەکییەکە بریتییە لەچۆنیەتی دابینکردنی سەرچاوە و توانا بۆ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن سەرچاوە و توانا نین و لەتواناشیاندا نییە عەدالەتی کۆمەڵایەتی وەدیبێنن، بۆیە بەڕای من ئەم مەسەلەیە دوو پێکهاتەی لەخۆ گرتووە: پێکهاتەی یەکەم ئەوەیە کە پێویستە داوابکرێت، بەواتای پێویستە هاووڵاتیان مەبەستیان بێت و داوای چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی کۆمەڵایەتی بکەن لەپێناو پاراستنی پێکهاتە لاوازەکانی کۆمەڵگە، هەروەها پێویستە هاووڵاتیان بەشداربوون و نوێنەرایەتییان هەبێت لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان بۆئەوەی کاریگەر بن لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی سیاسەتی گشتی، ئێستاش سەبارەت بەچۆنیەتی چەسپاندن بەنەبوونی سەروەری یاسا بەڕای من زەحمەتە، بەڵام مەحاڵ نییە بەتایبەتی لەوڵاتە هەرە هەژارەکان کە دامەزراوەکانیان لاوازە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەخشینەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەمبارەیەوە، بۆیە بەڕای من یەکێك لەئەولەوییاتەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەخشەر بریتییە لەپەرەپێدانی یەکسانی و عەدالەت، پەرەپێدانی ئابووری لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

**پێویستە هاووڵاتیان بەشداربوون و نوێنەرایەتییان هەبێت لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان بۆئەوەی کاریگەر بن لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی سیاسەتی گشتی**

*** زۆرجار بەهۆی شکستی پرۆسەی پەرەپێدان خەڵك پرۆسەی دیموکراسی ڕەتدەکەنەوە، چونکە پێیانوایە کە پێویستیان بەدیموکراسییەت نییە، هەربۆیە پەنا بۆ سیستەمی تۆتالیتاری دەبەن بۆئەوەی بەزەبری هێز بونیادنان بێنێتەدی، بەڕای تۆ هۆکارەکان چین لەپشت شکستی پەرەپێدان لەپرۆسەی بونیادی دیموکراسی؟**

- بەڕای من مەرج نییە پەرەپێدان لەسیستەمی دیموکراسیدا شکست بەدەست بێنێت و لەژێر حکومی تۆتالیتاریدا سەرکەوتوو بێت، لەڕاستیدا شتەکە لەنێوان هەردووك ئەو بۆچوونانەیە لەبەرئەوەی چەندین لە وڵاتانی دیموکراسی توانییان بەسەرکەوتوویی و بەخێرایی گەشە و خۆشگوزەرانی بەخۆیانەوە ببینن و هاوکات چەندین لە وڵاتانی تۆتالیتاری-ش بەهەمان شێوە توانییان گەشە و پەرەپێدان و خۆشگوزەرانی بەخۆیانەوە ببینن، بەڵام وێڕای ئەوەیش ئەو ڕاستییەی کە دەیزانین



ئەوەیە کە دیموکراسییەت زیاتر ئەگەری شکستی هەیە پاش ڕوودانی قەیرانەکان یاخود بەهۆی سڕبوونی بازرگانی «Recession» و یەکێك لەهۆکارەکانی ئەوەیە کە هاووڵاتیان لۆمەی دیموکراسییەت دەکەن یاخود لۆمەکردنی کاربەدەستەکانی حکومەت بەهۆی سەرهەڵدانی کێشە ئابوورییەکان بەتایبەتی پاش قۆناغی گواستنەوە، بۆنموونە دەتوانین سەیرێکی کەیسەکەی ڕوسیا بکەین کە لەساڵانی ١٩٩٠ـەکاندا تائاستێك بەدیموکراتیزە بوو، بەڵام دووچاری چەندین قەیران بۆوە لەسەر ئاستی باجەکان و بانك و کۆمپانیاکان، بۆیە وابزانم ئەوانە هۆکاربوون لەپشت کاردانەوەکان لەبەرامبەر دیموکراسییەتدا لەڕوسیا، بەڕای من هەر هەمان شت لەبەهاری عەرەبیدا دەبینین لەبەرئەوەی ئەگەر سەرکردە هەڵبژێردراوەکانی میسر یان تونس شکست بێنن لەڕووی پەرەپێدانی ئابووری و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئەوکات زۆربەی هەرە زۆرینەی هاووڵاتیان دیموکراسییەت ڕەتدەکەنەوە و پەنا بۆ ڕژێمی تۆتالیتاری دەبەن بەو باوەڕەی کە ڕژێمی تۆتالیتاری گەشەپێدانی زیاتر دابین دەکات، بەڵام من پێموایە کە ئەو باوەڕە هەڵەیە و بەڕای من ڕژێمی شمولی ناتوانێت لەڕژێمی دیموکراسی زیاتر گەشەپێدان و پەرەپێدان دابینبکات.

*** هەندێك لەپسپۆڕان پێیانوایە کە سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان پێویستیی بەحکومەتی باش هەیە، بەڕای تۆ ئایا حکومەتی باش چۆن لەقۆناغی گواستنەوەدا دروست دەبێت؟**

- بەڕای من دروستبوونی حکومەتی باش چەندین فاکتەر و هەلومەرجی هەیە بەو ئاستەی کە زەحمەتە بتوانین چەند پێوەرێکی بچووك دیاریبکەین لەڕووی دروستکردنی حکومەتی باش لەو وڵاتانەی کە لەگواستنەوەدان، هەڵبەتە پێویستە سەرکردایەتی خاوەن جۆرە ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت، بەواتای پێویستە لەسەر سەرکردەکان ئامادەباشییان تێداهەبێت بۆئەوەی شەففاف و کراوە بن و ڕێگە بەهاووڵاتیان بدەن بۆ ڕادەربڕین و گوزارشت لەخۆکردن، بەڵام ئەگەر هات و وڵاتەکە خاوەن داهات و سەرچاوە بوو بەو ئاستەی کە سەرکردەکان بتوانن بەئاسانی دەستی لەسەر دابگرن ئەوە پێویستە هاووڵاتیان بەرهەڵستکاری لەبەرامبەر ئەو جۆرە ڕەفتارانە بکەن و بەڕای من ئەمەیە هۆکارەکان کە ناتوانرێت حکومەتی باش بونیادبنرێت، بۆنموونە لەو وڵاتانەی کە خاوەن سەرچاوەی سرووشتین لەنەوت و غاز و کانی و جۆرەکانی دیکەی سەرچاوە سرووشتییەکان ناتوانرێت حکومەتی باش لەوڵاتانی گواستنەوە بونیادبنرێت لەبەرئەوەی تەماحی زۆر لەئارادا هەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە و پارەکان، دووەم: زۆر گرنگە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی هەبێت، دەکرێ کۆمەڵگەی مەدەنی – میدیا بێت یاخود ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی – ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لەڕووی خستنەڕووی داواکاری بۆ دروستبوونی حکومەتی باش و گێڕانی ڕۆڵێکی چاودێر لەسەر حکومەت، سێیەم: خولقاندنی جۆرێك لەهاندەر بۆ وڵات بەگشتی کە دەکرێ ئەویش کاریگەریی هەبێت، لێرەیشدا بیرم دەڕوات بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پاش ڕووخانی کۆمیۆنیزم، زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ئارەزوویان هەبوو پێوەندی بەیەکێتی ئەورووپا-وە بکەن، ئەوەیش خۆی لەخۆیدا هاندەرێکی زۆر کاریگەر بوو لەبەرئەوەی بووە هۆی ئەوەی حکومەتەکان باشتر بن و حوکمڕانی بەرەوپێشەوە بڕوات لەگەڵ بونیادنانی حکومەتی باش لەمیانی قۆناغی گواستنەوە، بەڵام بێگومان هەموو وڵاتان خاوەن ئەو سیعەیە نین و بۆیە بێشك ئەم پرۆسەیە بۆ وڵاتانی دیکە زەحمەتە.

**مەرج نییە پەرەپێدان لەسیستەمی دیموکراسیدا شکست بەدەست بێنێت و لەژێر حوکمی تۆتالیتاریدا سەرکەوتوو بێت**

*** ئەمڕۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتگیری و یارمەتی بۆ ئەو وڵاتانە دابیندەکەن کە سەرکەوتوو بوونە لەپرۆسەی پەرەپێدان، بەڕای تۆ ئایا پێوەر و ستەندەرەکان چین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و**



**تەواوبوونی قۆناغی گواستنەوە؟**

- بـەڕای من لێـرەدا دوو پرۆسـە هەن: گەشەپێدان «Growth» لەگەڵ پەرەپێدان «Development»، ئێمـە دەزانین کەی وڵاتان گەشـەیان بەخۆیانەوە بینیوە، بۆیە دەستنیشانکردنی سـەرکەوتن یان شکستی وڵاتان لەمڕووەوە ئاسانە، بەڵام پرۆسەیەکی دیکە هەیـە: پەرەپێـدان و بـە پەرەپێدان مەبەسـتم نییە لـەڕووی بەرفراوانبوونی ئابـووری، بەڵکـو مەبەسـتمە لەڕووی پەرەپێدانی دامەزراوە سیاسـییەکان لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشـتییەکان و خزمەتگوزارییەکانـی پەروەردەیـی و تەندروسـتی، بۆیـە وڵاتانێـك هـەن کە بەخێرایی گەشەیان بەخۆیانەوە بینیوە، بەڵام هاوکات پەرەپێدانیان نەبووە، بۆیە لێرەدا دوو پرۆسـە هەن کە پێویستیان بە بەدواداچوون هەیـە و هەروەك پێشـتریش ئاماژەمپێکرد کە چاودێریکردنی پرۆسـەی گەشـەپێدان ئاسانە، بەڵام بەدواداچوون و چاودێریکردنی پرۆسەی پەرەپێدان زۆر زەحمەتترە، هەڵبەتە نیشـانەدەری کۆمەڵایەتی هەن بۆ زانینی پێشکەوتن یان پێشنەکەوتن، بۆنموونە دەتوانین ببینین گەر منداڵانـی زۆرتر لەقوتابخانە دەخوێنن، ئایا ژمارەیـەك زۆرتر لەمنداڵان کوتان-یـان بۆ کراوە، ئایـا منداڵی کەمتر لەکاتی لەدایکبوونیان دەمرن، ئایا ئافرەتی کەمتر کێشەی تەندروستییان هەیە، هەروەها دەتوانین سەیری ئاسـتەکانی دابینکردنی پـەروەردە و چاودێری تەندروسـتی بکەین لەگەڵ ئەم جۆرە بابەتانە، بەڵام سـەبارەت بەپرسـیارەکەتان لەبارەی چۆنیەتی زانینی وادەی بەکۆتاهاتنی قۆناغی گواسـتنەوە، ئـەوە بەڕای مـن زانینی ئەو شـتە زۆر زەحمەتە و لەچەندین کەیسـدا گواستنەوە کاتێکی زۆری خایاندووە، بەڵام وەکو ڕایەکی شەخصی خۆم ئەگەر دەوڵەت توانیی ئاستی داهاتی تاکەکان بگەیەنێتە ئاستێکی باش و جێگیر و توانای کڕینیان بەهێز بێت لەگەڵ پەرەپێدانی توانای مرۆیی، ئەوکات پێموایە کە گواستنەوەکە دەگاتە سەقامگیری.

**چاودێریکردنی پرۆسەی گەشەپێدان ئاسانە، بەڵام بەدواداچوون و چاودێریکردنی پرۆسەی پەرەپێدان زۆر زەحمەتترە**

*** تاچەند پێتوایە کە هەردووك لەپرۆسەکانی بونیادنـان و دیموکراسـی لەوڵاتانـی تازەپێگەیشـتوودا پێکـەوە و لەیەك کاتدا دەتوانن سەرکەوتووبن؟**

- بەڕای من لەسـەدەی ٢١دا زۆر گرنگە هەردووك پرۆسـە هاوشـان بەڕێوەبچن و پێویستە لەمڕووەوە کۆمەڵگەی جیهانگیری یارمەتیی وڵاتان بدات بۆ وەدیهێنانی ئەم دوو پرۆسەیە، ئاشکرایە گرژییەك لەنێوان ئەو دوو پرۆسەیەدا هەیە — هەروەك پێشتر ئاماژەتان بەوەکرد کە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارەکان هەژارتر دەبن — بۆیە لەوانەیە ئەو شتە لەوڵاتانی دیموکراسیدا ناکۆکی و گرژیی زیاتری لێ بکەوێتەوە زیاتر لەوەی کە لەوڵاتانـی نادیموکراسـیدا ڕووبدات، هەڵبەتە دەتوانین سـەیری وڵاتانێك بکەین بۆنموونە وڵاتی چین کە تیایدا بەشداربوونی هاووڵاتیان لەپرۆسەی سیاسیدا بەئاستێکی بەرفراوان نییە، دەبینین بارەکە گونجاوتر و ئاسانترە بۆ بونیادنانی هەندێك لەژێرخانەکان لەگەڵ پیادەکردنی هەندێك لەسیاسەتەکان، لەبەرئـەوەی حکومـەت وەڵامدانەوەی بۆ داواکارییەکانـی خەڵـك نییـە، بەلایەنی کەمـەوە لەمەودایەکـی کورتـدا، بەڵام لەمەودایەکی دووردا بـەڕای من زەحمەتە بۆ وڵاتان بتوانـن پەرەپێدان بێننەدی بەبێ بونیادنانی جۆرە پرۆسەیەکی دیموکراسی کە هاوشان بێت لەگەڵ پرۆسەی پەرەپێدانەکە، لەبەرئەوەی لەکۆتاییدا بەبێ دیموکراسییەت و بەبـێ لەخۆگرتـن ئەوە ئابـووری هەرە بەرهەمهێنترین و گرنگترین فاکتەر لەخۆی دووردەخاتـەوە و ئـەو فاکتەرەیش دەنگی هاووڵاتیانە، هەربۆیە بەڕای من پێویستە ئەو دوو پرۆسەیە لەسەدەی ٢١دا بەهاوتەریبی یەکتریدا بەرەوپێشـەوەبرۆن بۆئەوەی چیتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیـی پەرەپێدان نەڵێت مەسـەلەکە پەیوەستە بەوڵاتان لەو ڕووەوەی کە ئایـا دەیانەوێ ببنە دیموکراسـی یان نا، بەڕای من ئەم دوو پرۆسـەیە بەشێکن لەئاڕاسـتەیەکی جیهانی و دوو ئاڕاستەن کە پێویسـتە بەیەکەوە و هاوکات پاڵپشتییان لێبکرێت.



# بەگژداچوونەوەی گەندەڵی فاکتەرێکی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت بەئاستێکی چالاک

گەندەڵی لەگەڵ ئـــەوەی دیاردەیەکە پێوەندی بەناوخۆیی سیستمی حکومڕانی هەر وڵاتێکەوە هەیە، بەڵام لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو و لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەزارەی نوێ، گەندەڵی وەك کێشەیەکی جیهانی لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بایەخێکی هێجگار گەورەی پێدراوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی لەهەوڵی ئەوەدا بووە چەندین پەیماننامە دابڕێژێت بۆئەوەی پرۆسەی دژە گەندەڵـــی (anti-corruption) ببێتـــە بنەمایەك بۆ پابەندبوونی دەوڵەتان بەپرۆســـەی دژە گەندەڵیەوە، هەر بۆنموونە لەســـاڵی ١٩٩٧ بانکـــی نێودەوڵەتـــی ســـتراتیژیەتی دژایەتی گەندەڵی ڕاگەیاندووە و لەســـاڵی ٢٠٠٧یشەوە پشتگیری تەواوی خۆی بۆ گروپی حکومڕانی و دژە گەندەڵـــی (GAC)، ڕاگەیانـــدووە، هەروەها ڕێکخراوی ئابـــووری و هاریکاری و پەرەپێدان(OECD)، پەیماننامەی دژە بەرتیل وەرگرتـــن(Anti-Bribery) ڕاگەیانـــدووە و زیاتر لـــە٣٨ دەوڵەت ئـــەو پەیماننامەیان ئیمزا کردووە، لەکۆتایی ســـاڵی ٢٠٠٥ یشەوە نەتەوە یەکگرتـــووەکان بەرنامەیەکی گشـــتگیری بۆ دژایەتـــی گەندەڵی ڕاگەیانـــدووە، ئەم هەوڵە نێودەوڵەتیانە ئەوەمان پیشـــاندەدەن، کە ئێســـتا گەندەڵی هەتا ئەگـــەر دیاردەیەکی ناوخۆییش بێت، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوەستەی جددی لەســـەر دەکات و لەو بوارانەی پێوەندی بەهاریـــکاری نێودەوڵەتیەوە هەیە بۆ دەوڵەتێکی دیاریکراو ئاســـتی گەندەڵی دەکەنە یەکێك لەو مەرجانەی بۆئەوەی هاریـــکاری یان یارمەتی پێشکەشی ئەو دەوڵەتە بکەن، تەنانەت یارمەتی دانی ئـــەو دەوڵەتانەی ئاســـتی داهاتیان نزمە پەیوەســـتکراوە بەئاســـتی گەندەڵی لەو وڵاتە، ئەم جەختکردنەوەیە لەســـەر ئاستی نێودەوڵەتی بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵـــی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەسەر ئاستی ئەکادیمی و سیاسی کۆدەنگیـــەك بوونی هەیە بـــۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایـــا شـــێوازی ڕووبەڕووبونـــەوەی گەندەڵی لەوڵاتێکەوە بـــۆ وڵاتێکی دیکـــە ناگۆڕێت؟ ســـەبارەت بەوەڵامـــی ئـــەم پرســـیارە هەموو ڕێکخراو و ئاژانســـە نێودەوڵەتیەکان و تویژینەوە ئەکادیمیـــەکان لەســـەر ئەو خاڵـــە کۆکن، کە ئاستی گەندەڵی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، هەربۆیە بۆ هەر وڵاتێکی دیاریکراو پێویســـتە بەپێی ئەو وڵاتـــە ئەولەویەتەکان ڕیز بکرێت و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە،ئەمەش بەو مانایەی پێویستە دوو خاڵی گرنگ لەبەر چاو بگیرێت:

یەکەم: لەبـــەر ئەوەی ئەو خاڵانەی ڕەچاوکراون بۆ چۆنیەتی دژایەتیکردنی گەندەڵی هێجگار زۆرن، ئەوا پێویستە بەرنامەی کار بۆ دژایەتی گەندەڵی بەپێـــی تایبەمەنـــدی هەردەوڵەتێك ئەولەویەتەکان دەستنیشـــان بکات و بزانێت کام کارە لـــەو وڵاتە دەکرێت و کامـــەش لەو وڵاتە ناکرێت.

دووەم: جیاوازی کردن لەنێوان ئەو کۆمەڵگایانەی کە تا ئاســـتێکی بەرز گەندەڵی بوونی هەیە و لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی تا ئاســـتێکی بەرز

**جەختکردنەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەسەر ئاستی ئەکادیمی و سیاسی کۆدەنگیەك بوونی هەیە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی**



گەندەڵیـــان کۆنترۆڵکردووە، لەبـــەر ئەوەی لەو کۆمەڵگایانەی ئاستی گەندەڵی بەرزە کۆمەڵێك فاکتـــەر هەن کـــە هاندەرە بۆئەوەی بەرپرســـە گشتیەکان پەنا بۆ گەندەڵی بەرن، یان گەندەڵی قبوڵ بکەن.

کەواتـــە ئەم دوو خاڵە بەرەو پۆلێنێکی دیکەمان دەبات، کە ئەویش دیاریکردنی ئاستی گەندەڵی و ئاســـتی حکومڕانیە لەو وڵاتانەی دیاردەی گەندەڵی بوونی هەیە، ئەمـــەش بەو مانایەی بۆ هەر وڵاتێك کۆمەڵێك ڕێوشـــوێنی دیاریکرا و لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی دانراوە، بۆ ئەمەش وڵاتانی پۆلێن کردووە بۆ سێ بەش بەمجۆرە:

**پێویستە بەرنامەی کار بۆ دژایەتی گەندەڵی بەپێی تایبەمەتندی هەردەوڵەتێك ئەولەویەتەکان دەستنیشان بکات و بزانێت کام کارە لەو وڵاتە دەکرێت و کامەش لەو وڵاتە ناکرێت**

١- ئەو وڵاتانەی ئاستی گەندەڵی تیایاندا زۆر بەرزە و حکومڕانیشـــیان لاوازە وەك حکومەتی ئێســـتای عێـــراق، ئەولەویەت بریتـــی دەبێت لەسەروەریی یاســـا و بەهێزکردنی دامەزراوەکان و هاندان بۆ بەشـــداری زیاتر و هەســـتکردن بە بەرپرسیاریەتی.

٢- ئەو وڵاتانەی ئاستی گەندەڵی مامناوەندییە و ئاســـتی حکومڕانیشـــیان پەســـەندە، ئـــەوا ئەولەویەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بریتی دەبێت لەپیادەکردنی نامەرکەزیەت و پیادەکردنی ڕیفۆرمی ئابووری، هەروەها دەبێت میکانیزمێك دابنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەڕێوەبردنی کارەکان لەکەرتی گشتی و هاندانێك هەبێت بۆ ململانێ لەپێناوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سەرەکی و گشتی بۆ هاووڵاتیان.

٣- لەوڵاتێکدا کە تا ئاســـتێکی باش گەندەڵی کۆنتـــرۆڵ کرابێت و ئاســـتی گەندەڵی نزم بێت و حکومڕانیەکـــی بەهێز بوونـــی هەبێت، ئەوا لەم وڵاتە پێویســـتە بەرنامەیەکی فراوانی دژە گەندەڵـــی و بەهێزکردنی سیســـتمی دارایی و پرۆگرامی هۆشیاری گشتی و حکومی دەبێت پیادەبکرێت، بۆئەوەی بتوانرێت گەندەڵی بنەبڕ بکرێت.

ئەم دابەشـــکردنەی بانکـــی نێودەوڵەتی کە ئاستی دیاردەی گەندەڵی گرێدەداتەوە بەئاستی حکومڕانیـــەوە، ئاماژەیەکـــی ڕاشـــکاوانەیە بۆئەوەی کە ئاستی بەرزی گەندەڵی نیشانەی کەموکورتـــی گەورەیـــە لەحکومڕانێتیدا، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئەو پۆلێنە لەسەر هەرێمی کوردستان پیادە بکەین، ئەوا نەدەتوانین لەریزی شـــێوازی یەکەم ئاستی حکومڕانی کوردستان دابنێین، نە لەئاستی سێهەمیش، بۆیە دەکرێت وەك ئاســـتی مامناوەنـــدی و حکومڕانـــی مەقبول بەپێی ستاندەری جیهانی دایبنێین، ئەم ئاستەش بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی

**لەو کۆمەڵگایانەی ئاستی گەندەڵی بەرزە کۆمەڵێك فاکتەر هەن کە هاندەرن بۆئەوەی بەرپرسە گشتیەکان پەنا بۆ گەندەڵی بەرن، یان گەندەڵی قبوڵ بکەن**

**میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەرانە بگێڕێت. لەبەرئەوەی ئەرکی میدیا بریتییە لەبڵاوکردنەوەی کار و ڕەفتارەکانی گەندەڵکارەکان**

سێهەم تا ئاستێکی زۆر پەسەندە، هەربۆیە ئەم بۆچوونە لەهەوڵدان بۆ سنووردارکردنی گەندەڵی بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات کە بۆ هۆکار و کەموکورتیەکانی حکومڕانی لەوڵاتی خۆمان بگەڕێینەوە، لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستە بگیرێنەبەر بۆ دانانی سنوورێك بۆ گەندەڵی، ئەمەش پێویستی بەوەیە بەرنامەی دژە گەندەڵی جۆرێك لەڕێگەپێشاندەری تێدابێت بۆئەوەی ئەولەویەت بەهەنگاوەکانی بدات بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی واقیعی وڵاتی دیاریکراو هەڵبسەنگێنێت، لەمەش گرنگتر گەندەڵی ئەو کاتە ڕەگدادەکوتێت کە بەرپرسە گشتیەکان مەزندەکانیان بەو جۆرەبێت سوودێکی گەورە لەهەر سەفقەیەك وەربگرن. هەربۆیە بەرنامەی سەرکەوتوو بۆ دژە گەندەڵی هێنانە خوارەوەی ئەو سوودە کەسیانەیە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی سزاکانە بۆ ڕەفتاری گەندەڵ، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆگرامی دژە گەندەڵی پێویستە حساباتی دەسکەوتی بەرپرسە گشتیەکان بگۆڕێت، بەتایبەتی ئەو بەرپرسانەی کە دیانەوێت دەسکەوتێکی گەورەیان لەگەندەڵی دەست بکەوێت. پرۆگرامی دژە گەندەڵی بەچوار میکانیزم کاریگەری لەسەر گەندەڵی دەبێت:

١- کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو مامەڵە بازرگانیانەی کە بەرپرسە گشتیەکان کاری تێدا دەکەن.

٢- کەمکردنەوەی ئەو چوارچێوانەی کە لەهەر مامەڵەیەکی بازرگانی لێی سوودمەند دەبن.

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی سزا بۆ ڕەفتاری گەندەڵکاران.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی سزای ماددی بۆ ئەوانەی سەرپێچی یان کەمتەر خەمی دەکەن.

### بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەپرۆسەی پەرەپێداندا

هەموو ئەو وڵاتانەی لەپرۆسەی پەرەپێدان و پرۆسەی بونیادی نەتەوە سەرکەوتوو بوون، ئەو وڵاتانەن کە لەسەرەتاوە توانیوویانە سنوورێك بۆ دیاردەی گەندەڵی دابنێن، پارك چانگ کە بەباوکی بونیادنانەوەی کۆریای باشوور لەقەڵەم دەدرێت، لەهەنگاوی یەکەمی پرۆسەی پەرەپێداندا سنووری بۆ گەندەڵی دانا و توانی کۆنترۆڵی کەرتی تایبەت بکات، ئەمەش نەك بەوەی کەرتی تایبەت بێنێتەوە ناو کەرتی گشتی، بەڵکو بەوەی هەموو خاوەن کۆمپانیاکانی بانگکرد بۆئەوەی لەقۆناخی پەرەپێداندا بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبستن، بەڵام هاریکاری سەرەکی لەسەرکەوتنی پرۆسەکەی پارك چانگدا دەگەڕێتەوە بۆ شول لی سەرۆکی کۆمپانیای بەناوبانگی سامسۆنگ، ئەمەش مانای ئەوەیە کەرتی تایبەت لەپرۆسەی بونیادنانەوە و پرۆسەی پەرەپێدان ڕۆڵێك دەگێڕێت کە هاوشانی ڕۆڵی حکومەت دەبێت، بەهەمان شێوە لەژاپۆن و سەنگافورا و تارادەیەکی زۆریش لەتایوان سنووردارکردنی ئاستی گەندەڵی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ پەرەپێدان و ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ دەیبینین، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پێویستە لەگەڵ دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان حکومەت ڕۆڵێکی ئەکتیڤی بۆ چاودێریکردنی کاروبارەکان هەبێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر فرانك ئەنێچیاریکۆ ئوستادی یاسا و حکومەت لەزانکۆی هامیلتۆن کرد و سەبارەت بەچۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی لەقۆناخی پەرەپێداندا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (لەدەسپێکی وەڵامەکەمدا دەستدەکەم بەباسی وردبینی و شەفافییەت، لەبەرئەوەی من پێموایە کە ئەم دوو لایەنە گرنگن وەك دەسپێك، هەڵبەتە وەبەرهێنان زۆر جار لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەبێتە کێشە، ئەمەش لەبەرئەوەیە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەندێك ئاسانکاری پێشکەش دەکرێت بۆئەوەی سەرنجی وەبەرهێنەران ڕابکێشرێت، هەربۆیە پێویستە لەسەر حکومەت لەدەسپێکدا ژمارەیەك ئیجرائات پیادەبکات بەپێی ستەندەری پرۆفێشناڵ لەڕووی واژۆکردنی گرێبەستەکاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتێك کە وەبەرهێنەر و کۆمپانیا بیانییەکان دێن بۆ وەبەرهێنان لەوڵاتەکە، پێویستە ئەم لایەن و ئیجرائاتانە بەوریاییەوە ئەنجامبدرێت و هەروەها پێویستە دەسەڵاتێکی وردبینیی سەربەخۆ پێداچوونەوە بەگرێبەست و وەبەرهێنانەکان بکات، کە ئەم دەسەڵاتە بەشێك بێت لەحکومەت، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی پەلەمانـدا

**بانکی نێودەوڵەتی کە ئاستی دیاردەی گەندەڵی گرێدەداتەوە بەئاستی حکومڕانییەوە. ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆئەوەی کە ئاستی بەرزی گەندەڵی نیشانەی کەموکورتی گەورەیە لەحکومڕانێتیدا**

**بەرنامەی سەرکەوتوو بۆ دژە گەندەڵی هێنانە خوارەوەی ئەو سوودە کەسیانەیە کە وا دەکات گەندەڵی ڕەگ دابکوتێت**



بێت نـــەك حكومەت، لەمەش باشـــتر ئەگەر بكرێت ســـەربەخۆ بێت باشـــترە، بەرچاوترین نموونـــە لەمبارەیـــەوە بەریتانیا-یـــە لەگەڵ ئۆفیســـی متمانە و لێپرســـینەوەی حكومەت لەئەمریـــكا (The U.S. Government Accountability Office (GAO)) ســـەربەخۆیە، بۆیە ئەم مەسەلەیە كاتێكی زۆر دەخایەنێـــت، بۆیە چەند زووتـــر وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەم كارە هەڵسن ئەوەندە باشترە. هەر لەم چوارچێوەیـــەدا هاوكارێكم بەناوی مایكل جۆنستن لەســـەر ئەم بابەتە نووسینێكی هەیە و من زۆر لەگـــەڵ بۆچوونەكانی هاوڕام كە لەبابەتەكەیدا نووســـیویەتی دامەزراوەی بەهێز و هەروەها بەشـــداری هاووڵاتیان لەكاروباری مەدەنـــی زۆر گرنگن بـــۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بەڵام وەكو ڕایەكی شەخســـی خۆم پێموایە كە بەبێ كۆنترۆڵكردنی گەندەڵی ئەوە دامەزراوەكان بەهێز نابن، بۆیە بەڕای من بەبێ چاودێریی گەندەڵی ناكرێ چاوەڕوان بن هەتا دامەزراوەكان بەهێزبن، لەلایەنێكی دیكەوە بەبێ ئەنجامدانی ڕێككەوتنێك لەنێوان دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكاری لەبارەی بایەخی ئەم چاودێرییە بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ئەوە چاودێریـــی گەندەڵی دانامەزرێـــت، هاوكات پێویستە ئەو چاودێرییە سەربەخۆ بێت و مایەی لێپیچینەوە لەگەڵكردن بێت و هەروەها شەففاف بێت، هەڵبەتە ئەمەیش لایەنە زەحمەتەكەیە)).

**كەرتی تایبەت لەپرۆسەی بونیادنانەوە و پرۆسەی پەرەپێدان ڕۆڵێك دەگێڕێت كە هاوشانی ڕۆڵی حكومەت دەبێت**

ئەوەی پرۆفیسۆر فرانك جەختی لەسەر دەكاتەوە وەك جۆرێك لەگشتاندن ڕێگەچارەی گەندەڵی دەخاتەڕوو، بەڵام پرۆفیســـۆر فلیپ نیكۆڵس ئوستادی دیراساتی یاسایی و ئەخلاقی بزنس لەزانكۆی پەنسلڤانیا بەو جۆرە باس دەكات كە پێویستە تایبەتمەندی هەر وڵاتێك بۆ پرۆسەی دژە گەندەڵـــی ڕەچـــاو بكرێـــت، لەمبارەوە لەلێـــدوانێـــكی



فلیپ نیكۆڵس بۆ گوڵان:

**سەرووەری یاسا دەستپێشخەر نییە لەبەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بەڵكو بەرهەمی بەگژداچوونەوەی گەندەڵییە**



تایبەتـدا بەگوڵانی ڕاگەیانـد: (وەڵامدانەوە سـەبارەت بەپرۆژەی دژە گەندەڵی زەحمەتە، لەبەرئەوەی گەندەڵی لەشـوێنێك بۆ شوێنێكی دیكە جیاوازە و هاوكات وەڵامەكەیش دەگۆڕێت لەكەیسێك بۆ كەیسێكی دیكە، هەندێك شت هەن كە دەتوانرێ بكرێن كە یاریدەدەرن، لەمبارەیەوە بۆنموونە ئاسـتێك لەمسداقیەت و شەفافیەت، زۆربەی وڵاتانی پێشـكەوتوو كێشـەیان هەیە بەهۆی نەبوونی مسداقیەت، بۆنموونە لەڕووی پارەی هاوكارییەكان و تەمویلەكانی وەبەرهێنان كـە زۆرجار نازانرێت چۆن ئـەو پارانە خەرج بكـرێ و بروابێكردنـی تێدانییـە، هەربۆیە بەڕای من خولقاندنی جۆرێك لەشەفافیەت و متمانە یاردەدەر دەبێت لەڕووی كەمكردنەوەی ئاسـتەكانی گەندەڵـی و بەكارهێنانـی تەمویلـەكان.. ئەمە لەپرۆسـەی پەرەپێداندا كارەكە قورسـتر یان ئاسـانتر دەكات، هەر بۆ نموونە نزیكەی ٦٠ وڵات لەسەرتاسەری جیهاندا هەن كاری وەبەرهێنان لەوڵاتانی جیهان دەكەن و ئەو وڵاتانە سەرچاوەی پێویستیان لەبەردەستدا هەیـە بـۆ چاودێـری و بەگژداچوونـەوەی گەندەڵـی، بۆنموونە كۆمپانیـای وۆڵمارت وەبەرهێنانی هەبوو لە مەكسـیك، بەڵام پاشان

دەركەوت كە بەڕێوەبەرەكانی وۆڵمارت بەرتیلیان داوە بەكاربەدەستەكانی حكومەتی مەكسیكی، هەمان شـت لەگەڵ كۆمپانیایەكی ئەڵمانی كە گەندەڵی و بەرتیلیان لەسـەر ئاشـكرابوو و ئەوە بوو پاشان دەسـتگیركران و حوكمدران، هەربۆیە ئەو بۆچوونە دروسـتە كە فاكتەری دەرەكی ڕێگـرە لەبـەردەم بەگژداچوونەوەی گەندەڵـی لەوڵاتانی تازەپێگەیشـتوو، بەڵام لەهەمان كاتیشـدا فاكتەری دەرەكی دەتوانن ڕۆڵێكـی پێچەوانـەوە و پۆزەتیڤانە بگێڕن و پێویسـتە بەوشـێوەیە بێت. هەروەها میدیاش دەتوانێـت ڕۆڵێكـی كاریگەرانـە بگێڕێت، لەبەر ئـەوەی میدیا بەشـێوەیەك لێكۆڵینەوە لەڕووداوەكان دەكات بەشـێوەیەك كە حكومەت و ڕێكخراوەكانـی دیكە ناتوانـن وەكو میدیا ئەنجامی بـدەن، هەروەها ڕۆڵی میدیا گرنگە لەڕووی دەستپێشخەری لەدیالۆگی كەلتوری، میدیـا ڕێگری لەگەندەڵی دەكات و زەحمەتی دەكات گەندەڵـی ئەنجامبدرێـت لەبەرئەوەی ئەركی میدیـا بریتییـە لەبڵاوكردنەوەی كار و ڕەفتارەكانـی گەندەڵكارەكان، مەسـەلەی سەروەری یاسا بابەتێكی قورسە و تێگەیشتنی زەحمەتـە و دەتوانیـن پێناسـەی بكەین بە:

نەبوونی گەندەڵی، بۆیە پێموایە سەروەری یاسا دەستپێشخەر نییە لەبەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بەڵكو بەرهەمی بەگژداچوونەوەی گەندەڵییە، بەپێی تێگەیشتنم پێموایە سەروەری یاسا چەند لایەنێكی گرنگـی لەخۆگرتووە و بەڕای من یەكێك لەلایەنەكانی سـەروەری یاسـا ئەوەیە كە: یاسـاكان-ن كە ڕەفتارەكان ڕێكدەخەن نەك سەركردەكان، بۆنموونە ئەگەر بێت و سەركردەیەك گەندەڵ بێت ئەوە پێویسـتە یاسـا لەسەر ئەو سەركردەیە بسـەپێندرێت، ژمارەیەك لەوڵاتان چاوپۆشـی لەڕەفتارەكانی كاربەدەسـتەكانی حكومەت دەكەن، بەڵام ئەمەیان سەروەری یاسا نییە، بەڵكو پێچەوانەی سەروەری یاسایە)).

پرۆفیسـۆر فلیپ ئاماژەی بەوەكرد كە زۆر جار كۆمپانیا بیانییـەكان دەبنە هۆكارێك بۆ بەگژداچوونـەوەی گەندەڵـی، لەبەر ئەوەی لەلایـەن وڵاتەكانی خۆیانەوە لێپرسـینەوەیان لەگـەڵ دەكرێت، بۆیە هەر لـەم چوارچێوەیە پرۆفسـیۆر تارین ڤیان ئوسـتادی سیاسەتی گشتی لەزانكۆی بۆستن، سەبارەت بەپرۆسەی وەبەرهێنان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەمجۆرە بـۆ گوڵان هاتـە ئاخافتن: (بەڕای من وڵات پێویسـتیی بەوەبەرهێنانـە لەناوخۆی وڵاتەوە



تارین ڤیان بۆ گوڵان:

# سەروەریی یاسا و میدیای ڕاستگۆ و ئازاد دوو پێكهاتەی زۆر گرنگن لەڕووی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی




و هەروەها لەدەرەوەی وڵاتیشەوە لەپێناو وەدیهێنانی پەرەپێدان، بەڵام پێویستە وەبەرهێنان لەژینگەیەکی تەندروست بێت کە تیایدا حوکمڕانییەکی باش هەبێت بەوشێوەیەی کە هاندەر هەبێت بۆ وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت بۆمەبەستی کارکردن و فەراهەمکردنی هەلی کار کە یاریدەدەربێت بۆ بەرەوپێشەوەچوونی وڵات، بەڵام ئەگەر هات و وبەرەهێنەرەکان هەڵستان بەپێدانی بەرتیل لەپرۆسەکانی تەندەر و لەپێناو بردنەوەی گرێبەستەکان، ئەوکات دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی و دوورخستنەوەی ئەو کۆمپانیا وەبەرهێنەرە ڕاستگۆ و باشانەی کە مەبەستیان هەیە خزمەت بەپەرەپێدانی وڵات بگەیەنن، هەربۆیە حوکمڕانیی باش پێویستە بۆ پەرەپێدانی وڵات و مەرج نییە هەمووجارێك هەبوونی وەبەرهێنەری بیانی لەوڵات واتای تەشەنەبوونی گەندەڵی بگەیەنێت. هەربۆیە گرنگترین شت ئەوەیە هەوڵدان هەبێت لەهەموو کاروبارەکانی کەرتە حکومیەکاندا بۆ بەدیکیۆمێنتکردنی ئیجرائاتەکان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەوڕووەوە لەبەرئەوەی گەندەڵی لەو شوێنانەدا تەشەنە دەکات کە تیایدا ئیجرائاتەکانی حکومەت تەمومژاوییەو نازانرێت کێ بەرپرسیارە لەکار و ڕەفتارەکان، بۆئەوەی شەفافیەت هەبێت پێویستە هاووڵاتیان یاخود ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چاودێری و فشار بخەنە سەر حکومەت، ئەگەر بێت و شەفافیەت هەبێت و هاووڵاتیان بزانن چی ڕوودەدات، ئەوکات حکومەت بەرپرسیارەتی دەبێت لەسەر بڕیارەکان. هەروەها سەروەریی یاسا و میدیای ڕاستگۆ و ئازاد دوو پێکهاتەی زۆر گرنگن لەڕووی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، یەکێك لەفاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ چاوپۆشی، لەبەرئەوەی کەسی گەندەڵکار لەوە بەئاگایە کە ئەگەر ڕەفتاری گەندەڵیش ئەنجامبدات و تەنانەت گەر دەستگیریش بکرێت ئەوە لەوە دڵنیایە کە سزا نادرێت، هەربۆیە کە خەڵکی ترسیان نەبێت لەزیندانی و سزادان ئەوکات هاندەری ئابوورییان بۆ دەرەخسێت بۆئەوەی گەندەڵ بن، هەربۆیە پێویستە سەروەری یاسا هەبێت بۆئەوەی سزای گەندەڵکارەکان بدرێت، کە خەڵکی دەبینن سزادان هەیە لەسەر گەندەڵی ئەوکات هەموان کار و ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن و ناوێرن کاری گەندەڵکاری ئەنجامبدەن، لەبەرئەوەی ترسیان هەیە لەسزادان، هەروەك پێشتریش ئاماژەم بەشەفافیەت کرد بەڕای من پێویستە میدیایەکی ئاکتیڤمان هەبێت بۆئەوەی هاووڵاتیان هانبدات بۆ دژە گەندەڵی، میدیا چەندین کاری پێدەکرێت، هەر بۆ نموونە:

یەکەم: ئاشکراکردنی گەندەڵی بۆئەوەی خەڵکی نەتوانن بەئازادانە گەندەڵی بکەن و حکومەت بەرپرسیاربکرێت لەڕووی سزادانی گەندەڵکارەکان.

دووەم: فێرکردنی هاووڵاتیان لەسەر بەشداربوون لەسیاسەت و بڕیارەکان لەبەرئەوەی هەندێك جار بۆنموونە لەکەرتی تەندروستیدا لەوانەیە سیاسەتێکی تەندروستی بسەپێندرێت کە لەبەرژەوەندیی لایەنێکی دەوڵەمەندی کەرتی تایبەتە و نفوزی لەسەر حکومەت هەیە، هەربۆیە ئەوە ئەرکی میدیایە بۆئەوەی مەسەلەکە بەشێوەیەکی ڕوونتر بخاتەڕوو و کێشەی سیاسەتەکە شیبکاتەوە لەگەڵ خستنەڕووی سوود و زەرەرەکانی بۆ کۆمەڵگە، ئەوکات کەرتی تایبەت بەوئاسانییە ناتوانێت سیاسەتەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵسوڕێنێت، بۆیە بەڕای من ئەم دوو خاڵە ئەرکی گرنگە بۆ میدیا کە دەتوانێت لەمڕووەوە بیگێڕێت)).






فرانک ئەنێچیاریکۆ بۆ گوڵان:

## چاودێری گەندەڵی دانامەزرێت، بەبێ ڕێکەوتنێک لە نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکاری

# نەفرەت لە «داواکارییە ناڕەواکان»



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

لە سەرەتاوە، بۆ ئەوەی بە هەڵە لێم تێنەگەن، پڕ بە دەمم هاوار دەکەم و دەڵێم «لەگەڵ داواکردن و دابینکردنی هەموو داواکارییە ڕەواکاندام و بە بۆچوونی من ئەوانەی ڕێگا لە دابینکردنی داواکارییە ڕەواکان دەگرن و مافی خەڵکان زەوت دەکەن کەسانی ستەمکار و بێ ویژدانن، بێ گومانم، زوو بێت یان درەنگ، دەکەونە بەر لێپرسراویەتی مێژوو کە هەرگیز دلۆڤان نابێت لە گەڵیان».

هەرچی تایبەتە بە «داواکارییە ناڕەواکان» کە بابەتی ئەم وتارەیە، بە بۆچوونی ئێمە، بریتین لە هەموو ئەو داواکاریانەی کە:

- بەشێك نین لە مافەکان، واتە داوای شتێك دەکرێت کە مافی داواکار نییە.
- دژ بە یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکانە، واتە داوای هەڵاوێردی دەکەن لە یاساو ڕێنماییەکان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان.
- ڕەچاوی بارودۆخی دابینکردنیان نەکراوە، واتە ڕەچاوی تواناوکاتی گونجاو بۆ دابینکردنیان نەکراوە.

ئەم «داواکارییە ناڕەوا» یانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرن و زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین: ئەوەندەی گوێبیستی «داواکاری ناڕەوا» دەبین ئەوەندە گوێمان لەداواکارییە ڕەواکان نابێت.

جێگای خۆیەتی پرسیار بکەین :

- کێن ئەوانەی ئەم جۆرە داواکاریانەیان هەیە ؟
- ئەو هۆکارانە چین کە هانی خەڵکانێك دەدەن داوای «داواکاری ناڕەوا» بکەن ؟.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێین :

خاوەنی ئەم جۆرە داواکاریانە لە هەموو شوێنێکی ئەم کوردستانەو لە نێو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگاکەماندا بوونیان هەیەو بەدی دەکرێن واتە تایبەت نین بە ناوچەیەك یان چین و توێژێکی دیاریکراو.

هەرچی تایبەتە بەو هۆکارانەی کە هانی خەڵکانێك دەدات داوای «داواکاری ناڕەوا» بکەن بریتین لە:

- لاوازی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری و بیرکردنەوە تەنیا لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و لە بیرکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان .
- دابەش نەکردنی پلەو پایەو سامان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو بە پشتبەستن بە لێهاتوویی تاکەکان، کە لەلایەك دەبێتە مایەی هەست بەستەم کردن لای زۆرینەی خەڵك و لە لایەکی تر، بە پشت بەستن بە پرەنسیپی، «بۆ ئەوان ڕەوایە ببنە خاوەن ماف و جیاوکێك کە شایستەی نین بۆ بۆ من نا» داوای داواکاری ناڕەوا دەکرێت .
- وەڵامدانەوەی پۆزیتیڤی ( ئەرێنی ) «داواکارییە ناڕەواکان» لە زۆر کات و باردا لەبەر هەر هۆکارێك بێت .
- پەیڕەونەکردنی پرەنسیپی سزادانی ئەوانەی کە لە کاتی داواکارییە ناڕەواکاندا زیان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان دەگەیەنن .

داواکارییە ناڕەواکان دیاردەیەکی قێزەون و زیان بەخشن بە کۆمەڵگاو نیشتمان بە شێوەیەك کە دەکرێت بڵێین : چەند وەڵامدانەوەی ئەرێنی داواکارییە ڕەواکان و دابینکردنیان کارێکی بە سوودە و لە بەرژەوەندی کۆمەڵگا و نیشتماندایە و هەنگاوێکی گرنگی دابینکردنی «دادپەروەری»یە لە کۆمەڵگادا، کە ئامانجێکی سەرەکی پرۆسەی چاکسازییە، هەندەو بگرە زیاتریش پشتگیری کردن لە داواکارییە ناڕەواکان، بە هەر پاساوێك بێت، زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت .

ئەوەی جێگای سەرنج و سەرسوڕمانە کەم نین ئەو میدیایانەی لە بری ئەوەی ئەم دیاردە قێزەون و زیان بەخشە ڕیسوا و مەحکوم بکەن،یان بە لایەنی کەم پشت گوێی بخەن و بایەخی پێ نەدەن، دەیکەنە بابەتی سەرەکی کارەکانیان و ڕووی کامێراکانیان لە داواکەرانی داواکارییە ناڕەواکان دەکەن و دەبنە پارێزەرانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرگرییان لێ دەکەن. ئەو میدیایانە بەم کارەیان،بیانەوێت یان نا، دەبنە هۆکارێك بۆ هاندانی خەڵك بۆ داواکردنی داواکاری ناڕەوا واتە دەبنە ڕێگر لەبەردەم دابینکردنی «دادپەروەری» لە کۆمەڵگادا .

چۆن ناتوانین پرۆسەی «چاکسازی» ئەنجام بدەین بێ ئەوەی وەڵامی ئەرێنیمان هەبێت بۆ «داواکارییە ڕەواکان» ی جەماوەری خەڵك بە هەمان شێوە پرۆسەی «چاکسازی» سەرکەوتنی خوازراو بەدەست ناهێنێت بێ ڕووبەڕووبوونەوەی داواکارییە ناڕەواکان و وەرگرتنی هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بەرامبەریان. هەرچی تایبەتە بە دیاریکردنی کاتی وەرگرتنی هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بەرامبەر داواکارییە ناڕەواکان ئێمە لەو بڕوایەداین کاتی ڕووبەڕووبوونەوە هاتووە ئەمڕۆ پێش سبەینێ چاکترە .

نموونەکانی داواکارییە ناڕەواکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرن و جیاکردنەوەیان لە داواکارییە ڕەواکان کارێکی گران نییە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لە میدیاکاندا کار دەکەن، بۆیە داواکارین لەوان و لە لایەنەکانی تر هەموو توانایان تەرخان بکەن بۆ پشتگیری کردن لەداواکارییە ڕەواکان و نەفرەت کردن لە داواکارییە ناڕەواکان.

# لەهیچ شوێنێک دیموکراسیەت نییە

لــە وڵاتی ئێمەدا لــە غیابی یاســادا قسەوباســێکی چڕو زۆر هەیە ســەبارەت بە دیموکراســیەت، لەکاتێکدا یاسای توندوتۆڵ و تەواومان نییەو ئەڵێین ئێمە دیموکراسین، ئەو چەند یاسایەشی هەن ســەروەرییان نییەو ڕێزیان لێناگیرێت کەچی ئیددیعای ئەوە ئەکەین ئێمە دیموکراســین و لەهیچمان کەم نییە. لەو وڵاتەدا کە هێشــتا هیچی لەدەســەڵاتەکانی دین و دەوڵەت و حزب و دەوڵەت لەیەکتر جیانەکراونەتەوەو ڕۆژانە ئەو هەموو خروقاتە زەقانە بەبەرچاومانەوە ڕوو دەدەن کەچی ئەڵێین دیموکراسین.

لەو وڵاتەدا کە دەســەڵاتەکانی یاســادانان و جێبەجێکردن و دادگا تێکەڵوپێکەڵــن و هیچیــان بەســەر هیچەوە نییــە کەچی ئەڵێین دیموکراســین، لەو وڵاتەدا کــە چینی ناوەڕاســت بوونی نەماوەو گەندەڵی شادەماری ژیانی کۆمەڵگای ئیفلیج کردوە، کەچی ئەڵێین دیموکراســین، لەو وڵاتەدا کە ژن هێشــتا بە ڕێژەی سەدی دەبرێتە بازنەی کاری حکومەت و سیاسەتەوە کەچی ئەڵێین دیموکراسین.

هەڵبەتە بەشــبەحاڵی خۆم قەناعەتی تەواوم هەیە دیموکراســیەت وەکو خــۆی لەهیچ جێگایەکی ئەم دنیایــە بوونی نییە، چونکە دیموکراســیەت بریتیە لە کۆمەڵێك پرۆســە و میکانیزم کە لە کار و ئەدای ڕۆژانەی وڵاتێکدا ڕەنگەدەداتەوە، دیموکراســیەت بریتیە لە کۆمەڵێك یاســا کە ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی پێ دەستنیشــان دەکرێــت و دەپارێزرێت. ئیــدی ئەگەر ئــەو میکانیزمە لە کاری سیاســی و حکومی نەبوو و یاســا بوونی نەبــوو و حزب و دین و حکومەت لەیەک جیانەبوون، هەرگیز دیموکراســیەت بوونی نییە و عەیبیشە باسی بکرێت.

لەهۆڵەندا، لەو وڵاتەی کە بۆت هەیە ئاسایی لەسەر تەلەفزیۆن بەڵام دوور لە تەشــهیر و مەرامی شەخسی و بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە وەکــو ڕۆژنامەنووس لەســەر تەلەفزیۆن ڕەخنــەی خۆت نەك لە حکومەت بەڵکو لە خێزانی شاهانەی هۆڵەندی بگریت، بەمەرجێك دیکۆمێنتی ڕاستەقینەت بەدەستەوەبێت..

لەو وڵاتەدا کە کەس بۆی نییە ئیشارەتی مروری سوور تێپەڕێنێت، ئەوەشــی تێیپەڕێنێت، ئەگەر کوری شــاژنیش بێــت دوای چەند ڕۆژێك نامەیەکی ســزای بۆ دەچێتە ماڵەوە ئەبێت بری ســزای خۆی بدات.

لەهۆڵەندا، ئەو وڵاتەی کە یاسا سەروەرەو ماف و ئەرکەکانی هەموو هاووڵاتیانی تەواو زامن و دەستنیشانکردوە، بۆ بەرپرسێك نییە بەس لەبەر ئەوەی بەرپرســە ئیتر بڕێك پارە کە سەرچاوەکەی نەزانراوبوو بچێتە گیرفانییەوە و لێکۆڵینەوەی یاسایی لەگەڵ نەکرێت، بەڵکوو کارمەندێکی پاکەڕەوەی سەرجادەکان هیچی لەوەزیرێك کەمتر نییە لەسایەی یاساداو، هەر ئەو یاسایەش ڕێز لە کەرامەتی ئەو کارمەندە وەکو کەرامەتی وەزیرەکە ئەگرێت.

لەهۆڵەنــدا، کە کەیســێك دەچێتە دادگاوە بۆ کــەس نییە، خودی شــاژنیش دەستێوەردانی تیابکات و، قسەی تیابکات، هەتا هەرسێ دادگای ســەرەتایی و پیاچوونەوە و باڵای هۆڵەندی تێئەپەڕێنێت و ئەگەر نەگەیشــتە ئەنجام بۆی هەیە ئەو کەیسە بچێتە دادگای ستراســبۆرگ، هەتا بە ئەنجامی تەواوی خۆی ئەگات. چونکە هەمــوو دەســەڵاتەکان بەشــێوەیەکی یاســایی ئاشــکرا لەیەکتر جیاکراونەتەوە، نەك بۆ هیچ بەرپرســێکی حزبی نییە دەست بخاتە کاری حکومەتەوە، بۆ خودی شــاژن نییە لەژێر هیچ بەهانەیەکدا دەست بخاتە کاری هیچ دەزگایەکی تەشریعی و تەنفیزی وڵاتەوە.

لە هۆڵەندا، کە هیچ قسەوباســێکی تیانییە ســەبارەت بە ماف و ئازادیەکانی ژن و بەشــداری سیاســی ئافرەتان لەنــاو بازنەکانی بڕیاری حکومەتدا و، ئەسڵەن مەسەلەیەك نییە پێی بوترێت ڕێژەی بەشــداری سیاسی ژن، چونکە ژن لەســایەی یاسا ئینسانییەکاندا هەموو مافەکانی شانبەشانی پیاو دەستکەوتوە ئەوەی لە پیاوێکی جیابکاتەوە تەنیا توانا و لێهاتوویی و جێدەستیەتی وەکوو کەسێك لە پۆستێکدا کە خزمەت بکات.

لە هۆڵەندا، کە مافی منداڵ پێش مافی گەورەکانەو ئەگەر لەسەر جادە منداڵێك زللەیەك بخوات هەموو ئەوەی لەو ناوەن تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن و بەپێی یاسا زۆرجار کاردەگاتە ئەوەی منداڵەکە لە باوك و دایکی بسەنرێتەوە چونکە عەزێتی منداڵەکە دەدەن.

لەهۆڵەنــدا هەموو ئەمانە و دەیان و ســەدان شــتی تر هەن کەلە سایەیاندا بەیاسا کە ئینسان هەست بە ئینسانییەتی خۆی دەکات، کەچــی بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخــراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (Amnesty International) کەبەمدواییــە دەرچــووە، گوایــا هۆڵەندا یەك لەو وڵاتانەیە کە کێشــەی ئەنتی ئیســلام و بیانی تیا تەشــەنەی کردوە بەشێوەیەکی بەرچاو دژایەتی ئیسلام و بیانییەکانــی تیادەکرێــت، بەمەرجێك ســەدان ڕێکخراویش هەن بۆ داکۆکیکــردن لە مافی کەمینەو بیانــی و هۆمۆ و هەتیوباز و لەشفرۆشــەکان .. تاد. کەچی بەپێی ڕاپۆرتەکە ســاڵی ٢٠١٠ سانســۆرێکی زۆر هەیە لەســەر بەشــداری ژنی لەچك بەسەر و موحەجەبــە لەبازاڕی کاردا، لە کۆمپانیــا تایبەتەکان و بازاڕەکان و هەروەهــا لــە زۆربەی دامــودەزگا حکومیەکانــدا بەبیانووی لەچکەکەیان یان ئەو پۆشــاکەی کە ئاماژەی دینی تێدایە. هەر بەپێــی ئەو ڕاپۆرتەی ئەمنســتی ئینتەرناشــناڵ گوایا زۆربەی سکاڵاکان لەلایەن ژنەوەن، بەهۆی دوورخستنەوەیان لەبازاڕی کارەوە بەهۆی لەچــك و جلوبەرگەکانیانەوە کە بــەلای هۆڵەندیەکانەوە سیمبۆلی دینییە، ئەمەش ڕووبەڕووی دیاردەی جیاکاریان دەکاتەوە لەسەر بنەمای باوەڕی دینی. ئەو پیاوانەی کە ڕیشیان هەیە لەناو موســڵمانەکاندا بەهەمان شــێوە ڕووبەڕووی هەمان دیاردە دەبنەوە بەڵام کەمتر لە ژنان.

هەر ســاڵی ٢٠١٠ زیاتر لە ٤٠٠ سکاڵا لە بیرۆی قەڵاچۆکردنی جیاکاری (تمییز)ی ناو شــارەوانی تۆمارکــراوە کە هۆکارەکەی ئاینیە. کە ئەوەش بۆ وڵاتێکی کراوە دیموکراتی وەکو هۆڵەندا کە حکومەتێکی سیکولاریزم بەڕێوەی دەبات زۆرە. ئەگەرچی یاسای ســزاکانی هۆڵەندی ســزای بۆ هەموو جۆرەکانی جیاکاری داناوە لەناویاندا جیاکاری لەسەر بنەمای دین و بیروباوەڕ.

هەڵبەتە کە ڕێکخراوێکی وەکو ئەمنیستی دێتە هۆڵەنداوە لەلایەن بەرپرســە حکومیەکانەوە میوانداری ناکرێن و خوانی شەوانەیان بۆ نارازێنرێتەوە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکەیان بە دڵی حکومەتی ئەو وڵاتە بێت. ئەوەتا هۆڵەندا ئیســتا سەرقاڵی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتن و بەنیازن مانگی ســێپتەمبەری داهاتــوو دەنگدان ئەنجامدرێتەوە و حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت، ئەمــەش دوای ئەوە دێت کە حزبی PVV ئەنتی ئیســلام و بیانییەکان کۆمەڵێ کاری نابەجێیان کرد بەتایبــەت نوێنەری بەناوبانگیان لەنــاو پەرلەماندا خێرت فیلدەرز کــە بەناوبانگە بە ڕك و کینەی بەرانبەر بە بیانی و ڕەشپێســت و ئیسلامەکان، دوای ئەوەی سایتێکی تایبەتی دانا بۆ تۆمارکردنی ســکاڵا لە دژی کۆچکردووەکانی ئەورووپــای خۆرهەڵات وەکوو پۆڵۆنی و بۆلغاریەکان. تاد کە دواجار لە پەرلەمانی ئەورووپییەوە بە بڕیارێکی سیاســی ئەو سایتە داخرا. ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان بووق و زوڕنای دەمی حزبەکانیان نین، بەڵکوو خزمەتکاری ئەو خەڵکەن کە دەنگیان پێبەخشیون.

ئەو کاتەی کە ڕاپۆرتەکەی ئەمنســیتم خوێندەوە یەکســەر بیرم لە هەلومەرجی ئیســتای کوردستان کردەوە و پرســیم: داخوا بەپێی پێوەرەکانی ئەو ڕێکخراوە کوردستان لە کوێی ئەو وڵاتانەوە دێتە کە ڕێزی لە مافی مرۆڤ گرتوە؟.



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت



د. ئیبراهیم زەعفەرانی

سەرکردەی پێشووی ئیخوان موسلمین و دامەزرێنەری حزبی نەهزە بۆ گوڵان:

# ئیخوان موسلمین وەک هەر حزبێکی تر سیاسەت دەکات، سیاسەتیش هەندێک شتیان لێ داوا دەکات، ڕەنگە لە ئایینی ئیسلامدا گونجاو نەبێت

**ئیبراهیم زەعفەرانی ناسراوترین سەرکردەی ئیخوانەکانە و ئەندامی ئەنجومەنی شوورای گرووپەکەیەو یەکێکە لەوانەی بەگوڕو تینی زۆرەوە لە سالانی حەفتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە گرووپەکەی زیندوو کردۆتەوە، چەندین جار دوچاری گرتن و زیندانی بۆتەوە، زۆر پێگەی سەرکردایەتی بەدەست هێناوە، ئەمینداری گشتی سەندیکای پزیشکانی ئەسکەندەریەیە، سەرۆکی لیژنەی فریاگوزاری ئیمرجنسی ئەنجومەنی پزیشکانی عەرەبیی و سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی ناوەندی (قوربانیەکان)ەلە بواری مافەکانی مرۆڤدا، هەموو کەسێك هێدمەیان گرت کە گوێبیستی دەستلەکارکێشانەوەی زەعفەرانی بوون لە گرووپی ئیخوانەکان لە پاش ئەوەی ٤٥ساڵ لە ڕیزەکانیاندا هەڵدەسوڕا، بە دامەزرێنەرانی حزبی نەهزە ئەژماردەکرێت..**

**لەم هەڤپەیڤینەدا زەعفەرانی لە پاش ٨٤ ساڵی تەمەن، جەخت لەو مەترسییانە دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی ئیخوانەکان دەبێتەوەو هەڕەشەن بۆ بوون و کیانیان، وای دەبینێت کە ئەو دەست لەکارکێشانەوەیەو هەموو ئەو جیابوونەوانەی لەو دواییانەدا ڕوویاندا کەسانێکی گرتۆتەوە کە قورسایی خۆیان لە ناو گرووپەکەدا هەیەو شووتەی ئاگادارکردنەوەی پێش وەختەن بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بەهۆی وەڵامنەدانەوەی داخوازییەکانیەوە کە خۆیان لە چاودێری و لێپرسینەوەی ناو گرووپەکە دەبینییەوە، دەستی لەکار کێشاوەتەوە، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتی ڕەهای نووسینگەی ئیرشاد و سەرکردایەتیی گرووپەکە بەرەو گەندەڵی دەخزێن، هاوکات گرووپەکەی بە شێواندن تۆمەتبار کردووە لەو بڕیارانەی ئەم دواییانەدا سەبارەت بە پاڵێوراوانیان بۆ سەرۆکایەتی، هەروەها وتی هەڵوێستی ئیخوان لە بەرانبەر دوورخستنەوەی عەبدولمونعیم ئەبولفتوحدا بە مەبەست بووە، مەبەستیش لێی تەنیا ململانێی شەخسی لە پشتەوە بووە..**

دیمانە : ئەسماحوسێنی- قاهیرە

*** وازهێنانت لە گرووپەکەو دامەزراندنی حزبێك بە جیا لەوانی تر، زۆرانی سەرسام کردن، چی بووە هۆو پاڵنەرت بۆ ئەنجام دانی ئەو کارەت؟**

- هەڵەو کەموکورتیەکانی ناو گرووپ زۆر بوون و، هیچ وەڵامدانەوەیەکیان بۆ گۆڕانکاری پێ نەبوو، لەو دۆخەدا زەحمەت بوو لە ناویاندا بەردەوام بوومایە، ئەوەشم دەزانی کە لەگەڵ مەردایەتی و جوامێری و ڕەوشتبەرزی نەدەهاتەوە، لە کاتێکدا بڕیارێکی وا سامناك بدەم کە ئیخوانەکان ڕاپێچی ناو زیندانەکان دەکران و دەچەوسێنرانەوە، بەڵام لە پاش شۆڕشەکەوەو دوای ئەوەی ئیخوان کەوتنە بەر چاوو گوێی هەمووان و کەسیان لە کونجی زیندانەکان نەمانەوەو ستەمی دەزگا ئەمنیەکان لەسەریان لابرا، لە ڕووی شیمەتی مرۆییەوە بە هەندێك شتی ئەو گرووپە ڕازی نەبووم، بینیم شەقامەکەش لەپێش دامەزراندنی کیان و گرووپی تردا فراوان بووە، تاك گرووپ و تاك حزبی، قۆرخکاری و گەندەڵیتی لێ دەکەوێتەوە، قۆرخکاری تەنیا ڕێگەیەکی خێرایە بۆ گەندەڵیتی و جەبەرووت و دەسەڵاتخوازی، قۆرخکاری پەلکێشمان دەکاتە ناو هەژموونی سەرلەنوێی حزبی تاقانەوە، دەبێتە خاوەنی تاقانەی حکومەت و ئەنجوومەن، کۆنترۆڵکردنی هەموو پرۆسەی ژیانی سیاسی لەلایەن یەك حزبەوە با ئاراستەی ئایینی هەرچییەك بێت، ئەنجام هەر ستەمکاری لە دوایەو هەموو یاساکانی گەردوونیش ئەمە دەسەلمێنن، بۆیە پێم باش بوو ڕکابەری بەهێز و شەریف بێتە ناو مەیدانەوە، بەو بڕوایەمەوە کە هەمە بۆ فرەیی و هەبوونی فیعلی حزب و کیاناتی تری ڕکابەر لە مەیدانەکەدا، ئەم بڕوایەم وای لێ کردم لەگەڵ هەندێ هاوبیری خۆمدا هەوڵی دامەزراندنی حزبێك بدەین، ئێستا هەمەچەشنەیی کیانەکان پێویستە لە میسردا، هەر کەس بە تواناو خەسڵەتی خۆیەوە بێتە پێش و ئەوانەی کە ئامانجیان لە یەکترەوە نزیك بێت لە فراکسیۆندا یەکتربگرنەوە..

> **شەرع ڕێگەی داوە بە فەرمانڕەوایەتی کردن، بەڵام نابێت بەناوی ئایینی ئیسلامەوە بانگەواز بۆ فەرمانڕەوایی بکرێت**

*** تۆ بە کەسایەتییەکی لەسەرخۆو ئارام و عاقڵمەند ناسراویت، ئەم سیمایانەی کەسایەتیت وایان لە خەڵکی کردووە لەو هۆکارە بەهێزە بپرسن کە هاندەرت بووە بۆ وازهێنان لە ئیخوانەکان؟**

**پێویستە بەرژەوەندی نیشتمانی بخرێتە پێشەوەی بەرژەوەندی گرووپەکانەوە**

ـ دوو هۆکار هەیە، یەکەمیان ئەوەیە من و کەسانی تریش لە ناوخەڵکی، داخوازی هەندێك چاکسازی کارگێڕی ناو ئیخوانەکانمان دەکرد، هەمان ئەو داخوازییانەی لە ڕژێمەکەی حوسنی موبارەکمان داوا دەکرد، کە چاودێری توندو جددی لەسەر دەزگاکانی جێبەجێکردن هەبێت بەتایبەت لەسەر نووسینگەی ئیرشاد و نووسینگە کارگێڕییەکانی پارێزگاکان تا ئەوانی تریش، ئەنجومەنەکانی شوورا دەسەڵاتیان هەبێت بۆ لێپێچینەوەی ناوەندەکانی کارگێڕی و دەزگاکانی جێبەجێ کردن، دووەمیان دروست کردنی دەزگایەکی دادپەروەری کارگێڕی کە بتوانێت لە ناو ئیخواندا دادپەروەری بەرجەستە بکات، هەڵەپاسەکان گەماڕۆبدات نەك بە تەنیا ئەوانەی هەڵەکارن لە ناو ڕێکخستنەکاندا بەڵکو ئەوانەی بە حەقی پێوەندییەکان و ڕێبازەکان و ئەرکەکانی سەرشانیان لە بەرانبەر خەڵکانی تریش کەمتەرخەم بوون، هیچ لیژنەیەکی تایبەتمەند بوونی نەبوو بۆ لێپێچینەوە لە هەڵەپاسەکانی ناو گرووپەکە، چونکە دەزگای دادوەری و چاودێری بوونیان نەبوو، خۆ ئەگەر مرۆڤ بە تەنیا بۆ خوداپەرستی خۆی تەرخان بکردایە، ئەوا خودا سزاکانی لە دنیادا بۆ دیاری نەدەکرد، خوداپەرستی بە تەنیا بەس نییە، پێویستە دەزگای چاودێری باش بو و نی هەبێت تا هەمووان لە دەسەڵاتی ڕەها بە دوور بگرێت کە گەندەڵێتی ڕەهای لێ دروست دەبێت..

لە لیستی گرووپەکەدا هاتووە کە ئەنجومەنی جێبەجێکار دەتوانێت هەموو پیشەکانی هەیئەی شوورا وەربگرێت لە حاڵەتی کۆنەبوونەوەیدا، مەحاڵ بوو لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا ئەو هەیئەیە کۆبێتەوە، بۆیە نووسینگە کارگێڕییەکانیی و لەسەرو هەمووشیانەوە نووسینگەی ئیرشاد لە یەك کاتدا ڕۆڵی ڕکابەرو حەکەمیشی دەگێڕاو هەر خۆی لێپێچینەوەی لەگەڵ خۆیدا ئەنجام دەدا، لەو بڕوایەدام ئەمە پشت شکێنی هەر گرووپێکە ئیتر ڕێبازی هەر شێوەیەك بێت، ئەگەر بێت و مێخی بنەوا بۆ کارەکانی دانەکوتێت ئەوا چارەنووسی کارەکانی بە شکست کۆتایی دێت، هەرچەندەش خەڵکی قەبارەکەی لە دەرەوە بە زل ببینن، بەڵام لە ناوەوەیش پێویستە بوونی توندو تۆڵ ببێت، نەبوونی توندوتۆڵی ناخەکیە وا لە بونیادەکە دەکات، بیخاتە مەترسی لە ناوچوونەوە، من لەو کەسانە نەبووم کە هەڵە ببینم و فزەم لێوە نەیەت، کە کەوتمە ڕکابەریش نەمدەتوانی ڕاستییەکان بە هەموو ئەندامانی ئیخوان بگەیەنم، بۆیە لە ڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە کەوتمە بڵاوکردنەوەی نووسین، هاوبیرانم لە نووسینگەی ئیرشادەوە بەمە زۆر تووڕە بوون، گەرچی کەسیان غیرەتی ئەوەیان نەبوو لێکۆڵینەوە لە دژم ئەنجام بدەن، بەڵام بێدەنگی ئەوان وایان لێ کردم لە گرووپەکە

**مەترسی گەورە لەوەدایە ئەوانەی بە ئاڵای ئیسلامییەوە هاتوون شکست بخۆن و ئەم شکستە لەسەر ئاڵاکە حیساب بکرێت**

وازبهێنم وێڕای بەڵێنی هەندێکیان بۆ چاکسازیی، من ڕێز لە بیرو ڕایان دەنێم ئەوانیش لەسەریان پێویستە ڕێز دابنێن بۆبیرو ڕای ئەوانی تری کە دەیانەوێت کیانی تری سەر بەخۆیان دامەزرێنن، ئەم عەیب و عارانە لەناو ئیخوانەکان هەن و پێویستە دەست بکەن بە چاکسازی ناو خۆیان، گەرچی درەنگیش بێت باشترە لەوەی بەم شێوەیە بمێننەوەو چاکسازی نەکەن..

*** گەیشتویتەتە ئەو بڕوایەی کە هیچ ئومێدێك بۆ چاکسازی لە ناو ئیخواندا نەمابێت؟**

ـ چاکسازی لە ناوخۆوە زەحمەت بووە، بەربەستی گەورەی لە بەردەم دانراوە، ئیخوانەکان ئێستا سەریان قاڵە، تیا ڕاماون ئایا خۆیان بۆ چاکسازی تەرخان بکەن یان بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکە، بەرپرسیارێتی مەزنیان لە بەرامبەر گەل دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە ئەوان تەنیا لایەنێك بوون کە بەر لە شۆڕش ڕێکخراو بوون، بۆیە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان ئەرکی ئەمان بووە، پێویستە جێی ئومێدی خەڵکی بن، چونکە وڵاتەکە بەمان سپێردراوە وڵات لە هەموو بوارەکانەوە تێکشکانی بەر کەوتووە دوای ئەوەی هەموو دەزگاکانی تێکشکاون و تاسەر مۆخ گەندەڵییان تێدا بڵاوبۆتەوە، دوای ئەوەی ڕژێم ڕووخاوەو هێشتا زۆر کەس لە پێگەی خۆیاندا بە گەندەڵێتی ماونەتەوە، لە ڕیشەوە دەرکێشانی ئەو هەموو گەندەڵێتییە کات و کاری زۆری دەوێت هیمەتی دەوێت لە هەموو نیشتمانپەروەرانی ئەم وڵاتەوە..

*** هەن دەڵێن ئیخوانەکان هەوڵی هەژموونگەرایی و قۆرخکاری و دەسەڵاتخوازی دەدەن، دەیانەوێت بیرو ڕای خۆیان بەسەرهەمواندا فەرز بکەن، وەك ئەوەی حزبێکی تری وەتەنی بن هەر وەك ئەوەی پێشوو؟**

ـ لەو بڕوایەدام لە ژێر سایەی شۆڕش و بێداربوونەوەی ئێستادا کە واقیعەو هەیە ناتوانن لە



بەرامبەر گەل قۆرخی هەموو شتان بکەن، واقیعەکە ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنێت کە مامەڵەی دروست لەگەڵ هەمواندا بکەن، بارودۆخەکە لەوان بەهێزترو گەورەترە، پێویستە هاریکاریی ئەوانی تر بن، لەو بڕوایەدام بوونی سەلەفی و ئیخوان لە پرۆسەی سیاسیدا وەرچەرخانی گەورە دروست دەکات بە گۆڕینی دیدو بۆچوونەکانیان لە بەرانبەر ئەوانی تر، ئەگەر کاری باش بکەن جێی دەستخۆشی هەمووان دەبێت، بەڵام ئەگەر خراپە بکەن کۆمەڵگەی میسری بەزەیی بەوانیشدا نایەتەوەو لێیان خۆش نابێت، چونکە هۆیەکانی ڕاگەیاندن چاویان کراوەیەو خەڵکی بۆ بینینی داخوازی و پێداویستییەکانیان، هۆشیارییان هەیە، هیچ شتێك لە هاووڵاتیان ناشاردرێتەوە، وەك جاران نییە، چیتر زەمەن ناگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی یەك حزبی و یەك سەرکردەیی، پێویستە بنەماکانی وەرچەرخانی دیموکراتی لە وڵاتماندا بچەسپێت، چونکە تەنیا ئەزموونێکی مرۆڤایەتییە کە سەرکەوتنی وەدەست هێنابێت، دینگەکانی ئەم ئەزموونەش بریتییە لە فرەیی هاوکوفانە..

*** زۆران کەس هەن پێیان وایە ئیخوان بەرنامەی حازربەدەستی هەیە بۆ دارِشتنەوەو پەیکەربەندکردنەوەی گەلی میسری، بە پێچەوانەی حزبی نەهزەی تونسییەوە وەك نموونە؟**

ـ لەو بڕوایەدام ئیخوان ناچارن هانا بەرنە لای ئەوانی تر و بە پێی واقیعەکە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن گەرچی خاوەن توانستی زۆریان هەیە، بەڵام لە ئاست تەحەدیاتی دۆخەکەدا نین بۆیە ناچارن بێ جیاوازی هانا بەرنە لای هەموو خاوەن توانستەکانی وڵاتەکە، چونکە میسرییەکان هەموویان دڵسۆزن بۆ وڵاتیان..

***کەواتە میتۆدەکەی ئیخوان هانا بردنە بۆ ئەوانی تر نەك هاوبەشی کردن و شەریکایەتی لەگەڵ ئەوانی تردا؟**

ـ ئەگەر بیانەوێت حکومەت دامەزرێنن، فەرزە لەسەریان سوود لە هەموو وزەو توانستەکان وەربگرن ئەگینا شکست دەهێنن، ئەگینا گەل وازیان لێ دێنێت چۆن بە ئاسانی سەرکەوتن بە هەمان شێوە بە ئاسانی دەڕووخێن، هەر لایەنێك بێ ماندوو بوون و بێ توانست و بێ شارەزایی سامانێکی دەست بکەوێت دەیدۆڕێنێت بەڵام ئەو لایەنەی بە دروستی خۆی بینا دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرنامەی دەبێت و زەحمەتە بەئاسانی شکست بهێنێت، ئیخوان باش دەزانن کە ئۆپۆزسیۆن لە بواری ڕاگەیاندن و بواری پرۆسەی سیاسیدا تۆکمەن و هێندە ئاسان نییە بەسەریدا زاڵ بن، چونکە ئەم هێزانەی ئۆپۆزسیۆنی میسری پێشتر ستەمی دەزگا سەرکوتکارەکانیان تاقیکردۆتەوە، بۆیە تەنیا بە کرانەوە بارودۆخەکان لە وڵاتدا دەگۆڕدرێن..

*** چۆن گەلی میسرو کاردانەوەکانی هەڵدەسەنگێنیت، ئایا گەلێکە بە ئاسانی دەچێتە ژێر ڕکێفی هەر کەسێکەوە کە دروشمی ئیسلامەتی لێ هەڵبڕێت؟**

ـ گەلێکی دڵسافن، بەڵام هاوکات پێداویستییان هەیە، ئەوەی ئەو پێداویستیانەی بۆ دابین نەکات دەیڕووخێنن، ئیتر چەندە ئەو کەس و لایەنە ئاییندار بێت هەر دروشمێکی لێ هەڵبڕیبێت، گەل چیتر ناکەونە ژێر سۆزی کوێرانەوە، مەترسی گەورە لەوەدایە ئەوانەی بە ئاڵای ئیسلامییەوە هاتوون شکست بخۆن و ئەم شکستە لەسەر ئاڵاکە حیساب بکرێت، بۆیە پێویستە ئیخوان بە ئاسایی مامەڵە بکەن و بانگەوازی ئیسلامی لێ بگەڕێن بۆ دەزگا تایبەتمەندەکان چ ئەزهەر یان دەزگا ئاینیەکانی تر، پێویستە وەك مرۆڤ گفتوگۆبکەن و پێوەندییان بە حەرام و حەڵاڵکردنەوە نەبێت، شتێك نەکەن سۆزی خەڵکی بە هۆکاری ئایینی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و بە کەوتنی خۆیان هەیبەتی ئاینیش لە بەرچاوی خەڵك بخەن، بۆیە پێویستە دامودەزگای ئاینی تر هەبن بۆ کاروباری ئایین، ئیخوان وەك هێزە سیاسییەکانی تر بە سیاسەتەوە خەریکن، سیاسەتیش هەندێك شتیان لێ دەخوازێت، کە لە ئاییندا گونجاو نییە، شەرع ڕێگەی داوە بە فەرمانڕەوایەتی کردن، بەڵام نەك بەوەی بانگەواز بۆ فەرمانڕەوایی بە ناوی ئاینەوە بکرێت.

*** سەبارەت بە بودجە، زۆر هەن وای دەبینن کە بودجەیەکی زەبەلاح خراوەتە بەردەستی ئیخوان و ئیسلامیەکانی ترەوە کە لە دەرەوەی میسرەوە بۆیان دێت؟**

ـ لە ڕاستیدا ئیخوانەکان لە هەموو دنیادا بڵاوبوونەتەوەو لە موچەکانی خۆیانەوە پارە بە حزب دەبەخشن..

*** باشە پارەی تریان لە لایەن و دەوڵەتانی دەرەوە بۆ نایەت؟**

ـ ئەو پارانەی لە ئەندامانی خۆیانەوە دێت بۆیان ملیۆنەهایە، لەو دواییانەدا چارەگی موچەکانی ئەندامانی خۆیان، ئەوانەیان کە لە تاراوگەن لێیان وەردەگرتن، واتە پارەی سێ مانگی مووچەی کارکردنی ساڵێکی هەر ئەندامێکیان ئابوونەی حزب بوو، بۆ ڕۆژانی هەڵبژاردن.

*** ئیخوان دروشمی (خێرمان بۆ خەڵکی دەوێت) بەرزکردۆتەوە، ویستیان خۆیان وەك نموونەی ئیسلامیەکانی تورکیا نیشان بدەن بەڵام لە ڕاستیدا نموونەی تریشیان لە شێوەی ئیسلامیەکانی تالیبان و ئێران و سۆدان و سعودیە هەیە، بەڕای تۆ کام لەو نموونانە دیوی ڕاستەقینەی ئیخوانن؟**

ـ لە نموونەی تالیبان و ئێرانی بەدوورن، کەمێك لە مۆدێلی تورکییەوە نزیکن هەر یەك لەو مۆدیلانەش بارودۆخی تایبەت بە خۆیان هەیە لە سۆدان دووکەرت بوونی ئیسلامیەکان گرفتەکانی دروست کرد، بەرنامەیەکی ئیسلامیانەی بەهێزیان هەبوو کە حەسەن تورابی ئامادەی کردبوو، بەر لە هاتنیان بۆ حوکم، حکومەتی سێبەری بەهێزیان هەبوو، باشتر لەوەی ئێمە لە میسر هەمانە..

***بەڵام بە گەیشتنیان بە دەسەڵات کارەکان گۆڕدران؟**

**خوداپەرستی بە تەنیا بەس نییە. پێویستە دەزگایەکی چاودێری باش بوونی هەبێت تا هەمووان لەو دەسەڵاتە ڕەهایە بە دوور بگیرێت کە گەندەڵێتی ڕەهای لێ دروست دەبێت**

**هەموو یاساکانی گەردوون ئەوە دەسەلمێنن. ئاڕاستەی ئایینی هەرچییەك بێت. کۆنترۆڵکردنی هەموو پرۆسەی ژیانی سیاسی لەلایەن یەك حزبەوە. ستەمکاری لێ دەکەوێتەوە**

ـــ کەوتنە ڕکەبەری یەکتر، ناتوانم بەهانەیان بۆ بهێنمەوە، بەڵام تەحەددیاتی گەورە هاتە پێشیان، لە جەنگی باشوور کە ساڵانێکی زۆر درێژەی کێشا هەروەها لە دارفۆرو خۆرهەڵاتی سۆدان و ڕژێمی حوسنی موبارەکیش لە دژیان بوو هەروەها چەندین هێزی نێودەوڵەتی و هەموو ئەمانە وای لێ کردین نموونەی ڕاستەقینەی ئەوان نەبینین.

*** ئایا بارودۆخ وا لە ئیخوانەکانی میسر دەکەن بکەونە بەردەم تەحەددیاتی تازەوە؟**

ـــ لەو بۆچوونەدام هەڵوێستی میسر هەستەوەرترە، وڵاتانی گەورە بە شێوەیەکی ڕوون و ئارامتر مامەڵە لەگەڵ میسردا دەکەن، نە پاشکۆیایەتی و نەکشانەوە لە مەیدانەکەدا بەدی ناکرێت وەك چۆن لە سەروەختی ڕژێمی پێشوو بەدی دەکرا، نە حاڵەتی سەربەستانەی دەسەڵاتی میسرییە لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا، بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایی و خۆرئاوایی تا ئێستاش بە

**گەلی میسر لە ئیسلامییەکان خۆش نابێت ئەگەر بێت و لە پرۆسەکەدا شکست بهێنن**

شوێن دۆخێکەوەن تا ئەو بەرژەوەندییانە پارێزراو بمێننەوە، ئەوەی بەرپرسیاریتی دەسەڵاتی میسری لە ماوەکانی داهاتوو دەگرێتە ئەستۆ، هەوڵ دەدا کە بەرژەوەندییەکانی دەرەکی و هاوکات بەرژەوەندی گەل بپارێزێت، سەرۆکی کۆماریش لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادانەوە کە دێت و بەهێز دەبێت ئەوەش بە پاڵپشتی گەلەکەی، لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوەش ڕێزلێگیراو دەبێت هەمان شت بۆ ئەنجومەنی گەل کە بە هەڵبژاردنی ئازاد هاتن ڕاستە لە کاتێکدا لەو بڕوایەشدا نیم کە هەڵبژاردنەکە ١٠٠٪ خاوێن بووبێت.

*** بە چی دەیسەلمێنیت کە خاوێن نەبووبێت؟**

ـ ژمارەکانی کۆتایی و هەندێ تەمومژی لە ژماردنەکاندا، بۆنموونە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەزاران سندوق لە شوێنێکی تەسکدا فەرز کرابوون، لە ماوەی دوو ڕۆژدا بە خەڵکێکی کەم ئەنجامدرابوو،

**لە ناو ئیخوانەوە زەنگەکانی ئاگادارکردنەوە لێدراون. هۆکارەکانی پووکانەوەو نەمانی ئەم گرووپە، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبن**

٩٠٪ دەتوانین بڵێین خاوێن بووە بەڵام لە هەڵەو کەموکورتی بێ بەش نەبووە..

*** هەندێك وای دەبینن بزووتنەوەی ئیخوان پێویستە کراوەتر بن لەگەڵ خەڵکیدا کەلتووری حەسەن بەنا چی لێ ماوەتەوە تا بانگەوازی بۆ هەمووان پێ ڕابگەیەنرێت؟**

ـ لە ناو گرووپەکەدا ئەندامانێکی ڕوو کراوە هەن، لە نموونەی دکتۆر محەمەد بەڵتاجی کە لەگەڵ ئەوانی تردا مامەڵەی کردوە وەك کەسایەتییەکی نیشتمانی خۆشویستراو بوو، ئەگەر ئەم کەسایەتییانە زۆر بن ئیخوان بە ڕووی کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە، چونکە پێشتر هەر لەناو خۆیاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئێستا لەبەردەم تەحەدیاتدان و پێویستە مامەڵە لەگەڵ بەرانبەرەکانیان بکەن، لە پرۆسەی کاری گشتیدا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەریەك دەکەون، ئەمە لە ئەوردن ڕوویداو کەلێن کەوتە نێوان سەرکردە دامەزرێنەرەکان و سەرکردایەتی گرووپەکەیانەوە.

*** لە پاش دووکەرت بوونی حزبی وەسەت دواتر نەهزەو تەوژمی میسری و دکتۆر ئەبو فتوح و دکتۆر هلباوی و دکتۆر محەمەد حەبیب و هی تریش لەم کەشوهەوای جووڵانەوانەدا ئایا ئیخوانەکان لە چاوەڕێی دووکەرت بوونی زیاتردان؟**

ـــ ڕەنگە دوو کەرت بوون وارد نەبێت، بەڵام ڕەنگە ئەندامانێکی زۆر هەبن لە حزب واز بهێنن..

*** بۆچی لە بەرانبەر ئەبو لفتوح هەڵوێستی ئیخوان لەگەڵی توند بوو،**

**گەرچی ئیخوانەکان خاوەن توانستی زۆریان هەیە بەڵام لە ئاست تەحەدیاتی دۆخەکەدا نین بۆیە ناچارن بێ جیاوازی هانا بەرنە لای هەموو خاوەن توانستەکانی وڵاتەکە**

**تەنانەت لە بەرانبەر ئەوانەیش کە پشتگیریان لێ دەکرد؟**

ـــ دەرکردنی هەندێك لە ئەندامانیان بە هۆی ئەو بابەتەوە هەڵەیەك بوو ناکرێت کەس لە ڕێکخستنێکدا دەربکەیت لەبەر دوو هۆکار نەبێ، یان لەبەر ئەوەی لە مەبدەئەکانی ئەو کیانە دەرچووبێتە دەرەوە یان کاری بەدڕەوشتی ئەنجام دابێت، بەڵام کەسێك لەسەر بڕیارێکی کارگێڕی جیاوازی هەبووبێت و ئەنجامی نەدا بێت، دەکرێت سزای بدرێت بە ئاگادار کردنەوە، دەرکردنی کەسێك لەسەر ئەنجامنەدانی بڕیاری کارگێڕی نەشیاوە نەکراوە.. بەو کارەیان ئیخوان خۆیان فڕێ داوەتە تەنگژەیەکەوە..

*** سەپاندنی بە زۆرەملێی یەك پاڵێوراو بەسەر ئەنداماندا کارێکی هەڵە نییە؟**

ـ پێویستە تاك و گرووپ بەجێبهێڵێت بۆ هەڵبژاردن، تا بەپێی ویژدانی خۆیان هەڵبژێرن، ئەمە کەسایەتی بۆ خەڵکی دروست دەکات تا لە نێوان دوو پاڵێوراودا بەراورد بکەن و بڕیاری خۆیان بدەن، ئیخوانەکان پاڵێوراوەکانی خۆیان بەزۆر دەسەپێنن، تا ئەندامەکانیان هەڵیانبژێرن.

هەندێك وای دەبینن ململانێی شەخسی لەپشت لابردنی ئەبوئەلفتوحەوە هەبوو تاکو دەسەڵاتیان لەناو ئیخواندا کەم بکەنەوە، ڕاستە چونکە ناکۆکی شەخسی زاڵ بووە بەسەر بەرژەوەندی شەخسی دا سەرەتا وتیان پاڵێوراوی ئیسلامیمان ناوێت دواتر وتیان پێویستە باکگراوەندێکی ئیسلامیانەی هەبێت، ئینجا هەستان بەپێشکەشکردنی پاڵێوراوەکەیان لە پاش ئەوەی ئەبوئەلفتوحیان دەرکردبوو، بەهۆی سەربەخۆ خۆپاڵاوتنیەوە، بەبیانووی ئەوەی ئەمەریکا تەنگیان پێ هەڵنەچنێ .

*** ئەندامانی بنکەی ئیخوان پابەند دەبن بە بڕیاری سەرکردایەتیەکەیانەوە؟**

- فەرمانەکانی ئیخوان هەرچۆنێك بێت، جیاوازی دەخاتە ناو ئەندامەکانیەوە، چونکە هەندێکیان دوور لە بڕیاری گشتی ویژدانی خۆیان حوکم پێ دەکەن .

*** لەسەر ئیخوان زیندانی کراویت و ئەشکەنجەدراویت و قوربانیت دا لە پێناویاندا، ئایا بەلاتەوە زەحمەت نەبوو کە بەجێت هێشتن، هەندێك دەڵێن ئەوەی ئیخوانی بەجێهێشتبێت ئیسلامی بەجێهێشتوە ؟**

**هەژموونی تاکحزبیی بەسەر هەموو وڵاتەکەوە، هەژموونێکە ستەم و گەندەڵی لێ دەکەوێتەوە، دروشمەکانیش بە هانای کەسەوە نایەن**

- لە پێناوی ئیخواندا زەحمەتیم نەکێشاوە، بەڵکو لە پێناوی خوادادا بووە، ئەبو دەردائی سەحابە لەدوای ئەوەی ناکۆکیەکی هەبوو لەگەڵ خولەفادا بەتەنیا لە بیاباندا سەری نایەوە، لەکاتێکدا پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت زۆر ستایشی کردبوو کاتێک وتبووی: (سەرفرازی بۆ ئەبو دەردایە کە بەتەنیا ژیاوە بەتەنیا مردوو بەتەنیا زیندوو دەبێتەوە) ئەوەی لەپێناوی ڕەزامەندی خوادا زەحمەتی دەکێشێت پاداشتی دەدرێتەوە، منیش بۆ ڕەزامەندی خودا چوومەتە ناو ئیخوان و لەبەرهەمان هۆکاریش بەجێم هێشتن تا لەبەرامبەر خوادادا بەقەناعەتی خۆم ڕابوەستم نەك بەقەناعەتی کەسانی تر.

*** دەتوانین بڵێین دوور کەوتنەوەت لە ئیخوان لەتاستی کەماڵ هلباوی و محەمەد حەبیب و ئەبولفتوح، بۆ خۆتان نامەیەکی ئاگادارکردنەوە بوون تا ئیخوانەکان چاکسازی ڕاستەقینە لەناو ڕیزەکانیاندا ئەنجام بدەن؟**

- ئەمە بەشێکی؛ بەشەکەی تری ئەستۆپاکانەی خۆمە لەبەرامبەر خودا، نەمویست لە هەڵەدا بەشدار بم و بێدەنگ بم لێی. هەرکەسێك دەنگی پێدابم کە هەڵبژێردرێم بۆ ئەنجومەنی شورای گشتی، چاوەڕێی ئەوەی لێکردوم ڕاستی بڵێم بۆیە وتم لەژێر زەبری هەر بارودۆخ و دەرئەنجامێکدا بووبم، گرنگ ئەوەیە لە ڕاستی لانەدەم ؟

*** هەڵەکان بەو پلەیە گەورە بوون ؟**

- ئەو هەڵانە دەبنە هۆی ڕووخاندنی دامودەزگاو بڵاوبوونەوەی گەندەڵی چونکە دەسەڵاتی ڕەها گەندەڵێتی ڕەهای لەدوایە، لەناو ئیخواندا هیچ جۆرە چاودێریەك نەبووە بۆیە نووسیم کێ لەهەڵەکانی نووسینگەی ئیرشاد دەپێچێتەوە؟ بوونی چاودێری گرنگە، تا نەکەونە هەڵەوە و خەڵکیش هانبدرێت فشار بێنن بۆ ئەو کەسەی کە هەڵە دەکات تا هەڵە دووبارە نەبێتەوە، نەبوونی چاودێری کارێکی خۆکوژانەیە لەناو ئیخواندا، تەنیا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و خزمایەتی و پێکەوەژیانی ئەندامانی خێزان لەناو یەکدا ئەو چیمەنتۆیەن کە ئیخوانی کرووەتە یەك پایە، بەڵام لەحەقیقەتدا نابێت ئەم هۆکارانە پێکەوەیان گرێبدات، بەڵکو پێویستە چاودێری و دادپەروەری و دیموکراتیەت، ئامرازێك بن بۆ ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەك، هەر گرووپێك ئەم ئامرازانەی تێدا نەبێت دەڕوخێت، مرۆڤەکان وەك ئامێرن ئەگەر صیانە نەکرێن بۆگەن دەبن، نەبوونی چاودێری هەر گرووپێك لەناو دەبات ئەگەر دادوەرانە کەسانی پسپۆڕی دانەنابێت بەسەر کارەکانی خۆیەوە. پێغەمبەر ( د.خ) دەفەرموێت:(انما اهلك من كان قبلكم انهم كانو اذا سرق فيهم الشريف تركوه، واذا سرق فيهم الضعيف اقاموا عليه الحد)، هەروەها دەڵێت ئەگەر کەسێك نەبێت بەزاڵم بڵێت ئەی زاڵم، ئەوا بونیادەکە لەناودەچێت. ئەو دوو هۆکارەی پێغەمبەر بۆ گرووپ دایناون تا وریا بین لێی، بە پێی ئەوە ڕاستە بیناکە نەڕووخاوە بەڵام هۆکارەکانی ڕووخاندنی هەبوونیان هەیە، ئایا چاوەڕێ بوومایە ئەو خانووە بەسەرماندا بڕووخێت، لەکاتێکدا شووتەکانی ئاگادار کردنەوە لەناو ئیخواندا دەنگیان لێ بەرز بۆتەوە، ئەگەر فریا نەکەون، نەخۆشیەکەی ناو خۆیان دەبنە ناو وڵاتەکەشەوە. گەر چی ئیخوان ئێستا هەن بەڵام هۆکارەکانی لەناوچوونیشیان هەیە، بەگفتوگۆو نووسین چەندین جار ئاگادارم کردنەوە بەڵام بێ وەڵام بوون .

**نەبوونی چاودێری کارێکی خۆکوژانەیە لەناو ئیخواندا، پێویستە چاودێری و دادپەروەری و دیموکراتیەت، ئامرازێك بن بۆ ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەك**

*** ئایا ئیخوانەکان خاوەن متمانە پێکراوەکانی خۆیان پێش خاوەن تواناکان خستوە ؟**

- کەسانێك هەبوون پێویست وابوو پێگەی بەرزیان هەبێت وەك دکتۆر عوسام عریان کە پێویست وابوو سەرۆکی حزبەکە بێت یا سەرۆکی ئەنجومەنی گەل یا سەرۆکی هەموان بێت. لەبەر ئەوەی لەناو ئیخواندا نەخۆشی گوێگرانی پەیدا بووە بیروباوەڕی تاقانە کە لەناو کلتووری ئیسلامیدا هەیە ئەو بیروباوەڕەیە کە دەڵێت سەرکردەی بەتوانا دەکەوێتە پێشەوەی پێش، وا پێویستە ئیخوان موڵکی نیشتمان بن، ئەگەر بەرژەوەندی نیشتمانی بکرێتە پارسەنگ لەگەڵ بەرژەوەندی گرووپێکدا پێویستە بەرژەوەندی نیشتمانی لە پێشەوە بێت .

*** ڕێی تێدەچێت کە چەند حزب و گرووپێك کە لەئیخوان وازیانهێناوە لە دواجاردا یەکتر بگرن ؟**

- هەوڵ دەدەین لە فراکسیۆنێکدا یەك بگرین، چونکە فراکسیۆنە بچووکەکان کاریگەرییەکی لاوازیان هەیەو لەناو دەریاشدا تەنیا کەشتی گەورەیە لەنگەر دەگرێت و بەلەمە بچووکەکانیش نغرۆ دەبن .

